# وەرگێڕان و چالاککردنی ئاڵوگۆڕییە ڕۆشنبیرییەکان
# لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا

پ .ی. د.پەخشان سابیر حەمەد
زانکۆی سۆران/فاکەلتی ئاداب
بەشی زمانی کوردی

**الملخص**

تعد اللغة من الوسائل المهمة للتعبير عن خلجات النفس الإنسانية ، وإنتاج الفكر وانتشاره ، والعلاقة بين اللغة والهوية علاقة قوية بحيث لا يمكن الفصل بينهما ، لأن اللغة تعد العنصر الأساسي في بنية الهوية القومية ، ويعتبر من أهم التحديات أمام العولمة والتكنلوجيا ، وأي ضعف في اللغة تؤدي إلى ضعف الهوية ، أو حتى إلى فقدان الهوية القومية ، والعلاقة بين اللغات علاقة وثيقة ، وخاصة اللغات ذات عائلة لغوية واحدة ، إضافة إلى تأثيرات الدين والموقع الجغرافي والعلاقات التجارية .

لذلك نكشف في هذا البحث المعنون ب(الترجمة وتفعيل التبادل الثقافي بين اللغتين الكردية والعربية) ، مدى العلاقات بين اللغتين والتبادل الثقافي من خلال تبادل الكلمات والعبارات والمصطلحات بينهما ، بالإضافة إلى الإستفادة من الثقافة الخاصة ولكلتا اللغتين ، وذلك كله بواسطة مجموعة من العوامل ، من أهمها الدين الإسلامي والمفردات الخاصة به.

وعامل الترجمة التي كونت جسراً متيناً لعبور المفردات والمصطلحات بينهما ، وسد احتياجات لغتيهما و سلط البحث الأضواء على المفردات المستعملة في كلتا اللغتين و كيفية التحولات أثناء التبادل و الاستفادة من البعض،

والمنهج المتبع في هذا البحث هو التحليل النقدي ، وهذا ما ينسجم مع طبيعة البحث وقسم البحث إلى ثلاثة أقسام كالآتي :

١. الترجمة وأهمية الثقافة في عملية الترجمة .
٢. الحدود والخصائص اللغوية والثقافية بين اللغتين الكردية والعربية .
٣. معيار الترجمات الوافدة والصادرة والداخلية وخصائص التكريد .

وأخيرا عرضنا أهم الاستنتاجات بجانب ملخص باللغة العربية و الآخر باللغة الانجليزية ،مع قائمة المصادر.

**Abstract**

Language can be considered as one of important means to express our insights. And the minds products and its distributions . The relationship between language and identity cannot be separated. For language is the main unit in the construction of national identity. And it is one of the challenges in front of technology. Any weakness in language leads to weakness in identity, or even the loss of national identity, and the relation between languages are very strong specially those languages with the same root in addition to the effects of religion , geographical place and trading relationship.

This research that is entitled translation and motivating cultural exchange between Kurdish and Arabic, the extent of relations between these languages and the cultural exchange through exchanging words, terms, and expressions. In addition to the benefits we gain from special cultural aspect of both languages by different factors like Islamic religion and specific vocabularies attached to it.

Translation factor becomes a firm bridge to pass the words and terms through them , and covering the linguistic needs and shedding lights on the vocabularies used in both languages and the transformational processes during exchanging and getting benefits from them.

The approach followed by the researcher is critical analytical, which suits the nature of the research that is divided to three parts. The first part is concerned with translation and the importance of education in translation process. The second one identifies the linguistic and educational features between Kurdish and Arabic. The last one is about the estimation of the internal and external translations and the Kurdishing features .Finally the main conclusions beside abstract in Arabic and English followed by a list of references.

## پێشەکی

هیچ زمانێك نیەبەتەنیا لەبازنەی خودی خۆیدا بسوڕێتەوەو هەماهەنگی لەگەڵ زمانی تردا نەکات ، چونکەزمانەکان بەهەناسەی یەکتریەوەدەژین وگەشەدەکەن ، وەرگێڕان یەکێکەلەو ڕێگا سەرەکیانەی زمان و ڕۆشنبیری زمانەکان لەیەکتری نزیك دەکاتەوە، وئاشنایەتی لەنێوان ووشەو دەستەواژەو دەربڕینەکانی نێو زمانەکان دروست دەکات ، هەروەها ئامانجی پیشاندانی بوونی کەرەستەهاوشێوەکانە.

هەرچەند هەموو کات وەرگێڕان ڕۆڵی ئەرێنی نانوێنێ ، بەڵکو بەهۆی وەرگێڕانەوەچەندین هەڵەی باو وهەڵەی زمانی و هەڵەی ڕێزمانی سەر هەڵدەدەن، تا چەند دوو زمانی دیاریکراو کاریگەری لەسەر یەك دروست بکەن، هێندە وشەو زاراوەو دەربڕینی نوێ لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت ، هەروەك ئەوەی لەنێوان زمانی کوردی وعەرەبیدا ئەنجامدراوە،دوای ئیسلامبوونی کورد پەیوەندی نێوان ئەو دوو زمانەپتەوتر بووە، ئەم لێکۆڵینەوەیەکەبۆ ((وەرگێڕان و چالاککردنی ئاڵوگۆڕییەڕۆشنبیرییەکان لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا)) تەرخانکراوەبەپێی ڕێبازی شیکاری – ڕەخنەیی تاوتوێ کراوە، سنووری لێکۆڵینەوەکەباس لەکۆمەڵێك لەو ووشەو زاراوەو دەستەواژانەدەکات ، کەلەزمانی کوردیەوەچوونەتەنێو زمانی عەرەبی ، کۆمەڵێکیش لەووشەو زاراوەودەستەواژەبەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بەخودی ئاینی ئیسلامەوە، لەزمانی عەرەبیەوەهاتونەتەنێو زمانی کوردی و شوێنی خۆیان کردۆتەوە، لەئاکامی ئاوێتەبوونیان هەندێك لایان وایەهەر بەشێکی بنەڕەتی خودی زمانەکەن.

سروشتی بابەتی لێکۆڵینەوەکەوایخواستوەبەسەر سێ بەش دابەشبکرێت:بەشی یەکەم : باس لە((وەرگێڕان و بایەخی ڕۆشنبیری لەپرۆسەی وەرگێڕاندا)) دەکات،وبەشی دووەمیش((سنوور و تایبەتمەندی زمانیی و ڕۆشنبیری لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبی دا)دیاری دەکات، و((پێوانەی وەرگێردراوەهاوردەو هەناردەناوخۆیەکان ، تایبەتمەندیەکانی بەکوردی کردن) گفتوگۆی لەبارەوەکراوە، لەکۆتاییشدا سەرەکیترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەو پوختەی لێکۆڵینەوەکەبەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

### بەشی یەکەم /وەرگێڕان و بایەخی ڕۆشنبیری لەپرۆسەی وەرگێڕاندا

کردەی وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی واژەو دەربڕینەکانی زمانی سەرچاوەبۆ زمانی ئامانج نیە، بەڵکو گواستنەوەی کۆی ڕۆشنبیری و عورف و بەها کۆمەڵایەتیەکانی ژینگەی زمانەکەیە، کاتێك دوو زمان هەماهەنگیان دەبێت ، وەرگێڕان زیاتر بەیەکتریان ئاشنا دەکات و تەنانەت پەنجەمۆری هەریەکەیان بەسەر ئەوی ترەوەدەردەکەوێت ،

چونکەدووبارەنوێکردنەوەی خود (خودی مەعریفە) کارێکی پێویستەبۆ گەشەسەندنی زمان و ئەنجامدانی جوولەی مەعریفی ، کەلەڕێگەی نوێکردنەوەدەبێت ، هەر لەبەر ئەوەیەکە((وەرگێڕان کردارێکی ڕۆشنبیری پێشکەوتووە، گوزارشت لەبەدەستهێنانێکی کۆمەڵایەتی چالاکی ئەنجامدار و بنیادنەر دەکات ، هەولأ بۆ فراوانکردنی بازنەی گفتووگۆ و هەماهەنگی ڕۆشنبیری لەنێو ژینگەکەی خۆیدا دەکات ، بەمەبەستی دروێنەکردنی مەعریفە مرۆڤایەتیەکان)) (زرمان: ٢) ، لەبەر ئەوەی وەرگێڕان بوارێکەهەمیشەمرۆڤ پێویستی پێ بووەو پێی دەبێت ، بریە هەردەم هەوڵی فراوانکردنی ئاستی زانینەکانی داوەو، بەوەندە نەوەستاوەکەلەژێر دەستیدایە، لەزۆربەی فەرهەنگەعە رەبیەدێرینەکاندا ، فرمانی (ترجم) بەواتای ڕاڤەکردن و خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەهاتووە، قسەی یەکێکی تری وەرگێڕ ، بەواتای گواستنەوەی لەزمانێکەوەبۆ زمانێکی تر (صحاح اللغة:معجم الوسیط) ، ئەمەش واتای زمانیی وەرگێڕان دە گەیەنێت ، پاچڤەکردن لە کوردیدا لەپاڵ وەرگێڕان بەکار دەهێنرێت ، ولای بەشێك لەوانەی بایەخیان بەوەرگێڕان داوەئەو ووشەیەزۆر لەووشەی وەرگێڕان بەدروستتر دەزانن(غە فوری: ئینتە رنیت)

لەڕووی واتاو چەمکی زاراوەی وەرگێڕانیشەوەدەگەڕێتەوەبۆ ((پرۆسەی هونەری وزانستی پەیوەست بەگواستنە وەی دەقەکان لەزمانێکەوەبۆ زمانێکی تر ، واتەلەسیاقێکی هزری و ڕۆشنبیری بۆ سیاقێکی تری جیاواز لەوە)) (زرمان:٧) ، بەڵام پاراستنی سیما و ڕەسەنێتی دەقەکەیا دەوروبەری واتای دەستەواژەودەربڕینەکان ئەرکی سەرەکی وەرگێڕەکە((لەسەرەتادا وەرگێڕان کردارێکی سوودبەخشی پراگماتیکی بووە، دواتر بۆتەبابەتێکی لێکۆڵینەوە وباسکردن)) (رضوان:٢٠١٠: ٣) ، ئەوەی نەتەوەی کورد لەنەتەوەکانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیەکورد خاوەن ووڵات وسنووری جوگرافیای چەسپاوی خۆی نەبووە، بۆیەزمانەکەیشی هەمیشەلەژێر مەترسیەکی لەرادەبەدەر بووە، بە درێژایی مێژوو ئەم نەتەوەیەلەژێر باری لەناوچوون و جینۆساید وئەنفال و قرکوژی و سڕینەوەی ناسنامەکەیدا بووە، کەچی بەهۆی پاراستنی زمانەکەی خۆڕاگر بووە، هەرچەند ویستوویانەزمانەکەیشی چەشنی مێژووەکەی (بەشێك لە مێژووەکەی) بتوێننەوە، بەڵام نەیانتوانی زمانەکەی خۆیان بخەنەشوێنی زمانی کوردی وبیچەسپێنن و بنەزمانی سەرەکی ، تەنیا وەکو زمانی لاوەکی مانەوە، زۆر کەم توانیویانەزۆربەی کورد لەدەوری خۆیاندا کۆبکەنەوە،زمانی کوردی بەو چەسپاویەی لەلایەن خاوەنەکانیانەوەوەکو بەڵگەیەك بۆ دو مەسەلەی لەڕادەبەدەر بایەخدار دەیخەنە ڕوو(یوسف: :١١١).

مەسەلەی یەکەم : بەپێچەوانەی ئەوەی (ئیبن خەلدون)لە(پێشەکی)یەکەیدا بڕیاری لەسەرداوە، بەوەی ژێردەستە هەمیشەشەیدای لاسایکردنەوەی سەردەستەن لەدروشم و جل وبەرگ و هەموو لایەنەکانیان.

مەسەلەی دووەم:بەهەمان شێوەپێچەوانەی ئەوەی ووتویەتی:زمانی دەوڵەتەکان زمانی پلاندانەروبنیادنەرەکانیان دەبێت.

واتەزمانی دەسەڵاتدار هەمیشەزاڵ دەبێت ، بەڵام کورد بەهۆی زمانەوەبەرەنگاری دەسەڵات بۆتەوە، هەرچەندەبە هۆی جیهانگەراییەوەووڵاتان زیاتر لەیەکتر نزیك بینەوەو تێکەڵاوبوونی ووشەودەربڕین و دەستەواژەو زاراوەزیاتر ئاڵوگۆڕ بکەن و مژدەی سەرهەڵدانی (جیهانگەری دەستبەسەراگرتن) ڕابگەینن ، ئەوا هێشتا وەرگێڕان لەلایەنی بە رامبەردایەو پێویستبوون بەوەرگێڕان زیاتر پارێزگاری لەپاراستنی هەمەجۆری و هەمەڕۆشنبیری و ، پاڵپشتیکردنی فە لسەفەی (بەیەکداچوونی ڕۆشنبیری)، ونزیکی وهاوژیانی نێوان نەتەوەوشارستانێتیەکان کردووە (الریحاني: انترنیت)، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کەئیتر جیهانگەرانیش ناتوانێ لەڕۆڵ وبایەخی وەرگێڕان کەمبکاتەوە، چونکە (وەرگێڕان گواستنەوەی واتایە لەزمانێکەوەبو زمانێکی تر ، لەپاڵ پاراستنی چالاکی و ئەرك و تایبەتمەندییەکانی ئەو

زمانەی بۆی دەگوازرێتەوە(زمانی مەبەست)، ئەوەی یەکیان دەخات وکۆیان دەکاتەوەزمانەوانییە، کەهاوکاری وەرگێڕان بەناسینی تایبەتمەندییەکانی زمان دەکات)) (طيش:موقع ألوكة) ، لەکاتێکدا لەکردەی وەرگێڕاندا فەرهەنگ هەموو نییە، بەڵکو تەنیا یارمەتیدەرێکەبۆ زانینی ئەو ووشانەی کەقورسن ، یان لێڵن ، یان هاوواتایان زۆرە، ((تەنانەت بوونی تەکنیکی پێویست لای وەرگێڕ بەس نیەبۆ ئەوەی وەرگێر کەسێکی سەرکەوتوو بێت ، ئەگەر حەزێکی ڕاستەقینەی بۆ کاری وەرگێڕان نەبێت ))(عە لی:٢٠١٥ : ٧٩).

هەرلەو بارەیەوەجۆستین ئۆبرین دەڵێت:(نابێت وەرگێڕ هیچ شتێك وەرگێڕێت ئەگەر سەرنجی ڕانەكێشێت ، و بە دڵی نەبێت ، لەبەر ئەوەدەبێت هۆگرییەك لەنێوان وەرگێڕ و ئەو بابەتەدا هەبێت کەوەریدەگێڕێت ) (عە لی :٢٠١٥: ٧٩)، ئەگەر وەرگێڕ لەکاتی پرۆسەی وەرگێڕاندا بەشێوەیەکی گشتی بڕوانێتەبنەمای قازانج ئەوا دەبێت لای ڕوون بێت کە لەوەرگێڕانی شیعردا هەر هەندێك واتای لێ وون دەبێت وهەندێك واتای تریشی بۆ زیاد دەبێت،بەڵام وەرگێڕی بەتوانا ئەوەیەتا پێی دەکرێت ، پلەی قازانج و زیان بگەیەنێتەکەمترین ئاست(حداد: ٢٠٠٦: ٣٦٥) ، نەك تەنیا لەکاتی وەرگێڕانی شیعردا کە قورسترین جۆری وەرگێڕانە، بەڵکو لەهەموو بابەتەکاندا ئەم حاڵەتەبەدی دەکرێت ، لەهەر یەکەیاندا بەڕێژەیەکی دیاری کراو ، وئاوێتەبوون لەکەشێکی ئازاد و حەزێکی خودیی کەگوزارشت لەئارەزووی نەتەوەکان لەنزیکبونەوەو تێکەڵبوون و ناسین وئاشنا بوون دەکات ، ئەگەر نا دەگۆڕێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی هزری و رۆشنبیری و ئارەزوویەکی قووڵی سڕینەوەی ئەوی دیکەو کردنی بەپاشکۆ و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەتێڕوانینێکی نزم وبێدەسەڵات ، بەڵام زمانی کوردی هیچ کاتێك نەگەیشتۆتەئەو ئاستەی ناسنامەی خۆی لەدەست بدات و نائومێد بێت ، هەرچەندەلەڕووی وەرگێرانەوەڕێرەوێکی بەهێزی نەبووە، کەیەکێ لەستوونەکانی رۆشنبیری پێك دەهێنێت و (ئاوێتەبوونی ڕۆشنبیری پەیوەندییەکی پتەوی بەوەرگێڕانەوەهەیە، یا هەردووکیان دوو ڕووی دراوێکن ، مرۆڤ نە یدەتوانی لەگەل ئەوی دیکەدا ئاوێتەبێت ، بەبێ بوونی پردی وەرگێڕان کەبەیەکتریانەوە دەبەستێتەوەو کەناڵەکانی بەیەکگەیشتن دەکاتەوە، کەوای لێدەکات تێکەڵبن وکاریگەری لەیەکتری بکەن ، بۆیەبەبەردەوامی ئاوێتەبوونی ڕۆشنبیری بەروبومێکی پێگەیشتووی وەرگێڕانە، وگرنگترین شوێنەوار وئاکامەکانیەتی ) (زرمان: ٦) ، ڕۆشنبیری پشت بەهەڵسوکەوت دەبەستێت ، وزانست بەزانیاری ، کەچی وەرگێڕان هێندەی هەردووکیان فراوانەچونکەهەردوولا دەگرێتەوەو ((ڕۆشنبیری هێزێکەلەهێزەچالاکەکانی بنیادی شارستانی لەمەدلوولەگشتگیرییەکەیدا، فەلسەفەو ئەدەبی، ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ، ئابوری و گەشەیی ، ڕۆشنبیری توانای داهێنانەلەهەموو لایەنەکانی چالاکی مرۆڤایەتیدا)) (التويجري: ٢٠١٥: ٢٧).

ئەمەوایکردووەوەرگێڕان ئەرکێکی قورس لەئەستۆ بگرێت ، وبەرپرسیاربێت بەرامبەر دروستی و گەیاندنی کرۆکی زانیارییەکان ، تایلۆر (Tylor ) لەلایەن خۆیەوەڕۆشنبیری بەوەدیاری کردووەکەکۆمەڵەیەکی ئاڵۆزە، زانیاری ، و بیروباوەڕ وهونەر وداب ونەریت و یاسا وعورف وهەموو ئەو توانایانەی دیکەو نەریتانەی مرۆڤ بەدەستیان دەهێنێت ، بەو سیفەتەی ئەندامێکەلەئەندامەکانی کۆمەڵگا (tylor:946_968 )، بۆیەهەر زمانێك لەپەروەردەو کارگێڕی و رۆشنبیری و ئابوری شوێنی زمانی دایك بگرێتەوە، یا کاریگەری لەسەر شوێنی ئەو زمانەهەبێت وسنووری تەسك بکاتەوە، نەك هەر دەبێتەمایەی لاوازبوونی زمانەکە، بەڵکو کاریگەریشی لەسەر خودی ناسنامەی نەتەوەکەدە بێت ، و یا دەبێتەمایەی وونبوونی ناسنامەی نەتەوەیی.

شەپۆڵی تەکنەلۆژیا و هەموو ئەو ووشەو زاراوەو دەستەواژانەی کە پەیوەستن بەتەکنەلۆژیا و جیهانگەراییەوەبە خێراییەکی لەڕادەبەدەر هێرش دەهێننەسەر زمانەکان ، کەزمانی کوردیش بەدەر نیەلەو زمانانەی کاریگەری ئەم شە

پۆڵەی بەسەرەوەیە، بێ ئەوەی هەست بەمەترسیەکانی بکەین ، ڕۆژانەڕێژەیەکی زۆر لەو ووشانەبەکار دەهێنین ، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە ووشە ڕەسەنەکانی زمانەکەی خۆمان دوور بکەوینەوە، هەرچەندە بەشێکی ئەم ووشانەپەیوەستن بەخودی داهێنان و خاوەنداریەتی داهێنانەکەبۆ نموونە (Mouse)کە کورد هەر ماوس بەکاردەهێنێ، لەکاتێکدا عەرەب کردوویەتی بە(الفارة) و (ماوس )یش بەکاردەهێنێ ، بەڵام تا ئێستا لای کورد نەشیاوە بڵێین (مشك) کەدروستکراوەکەلەشێوەی مشکدایە، ئەگەر ووشەی لەبەرامبەردا دروستیش بکرێت ، ڕێژەیەکی زۆر خەڵك هەر ووشەبێگانەکەبەکار دەهێنن ، نەك ووشەدروستکراوەکەئیتر لەبەر هەر هۆکارێك بێت ، بە تایبەتی کاتێك زمانەکەهیچ پلانێك یا سیاسەتێکی زمانیی دیاریکراوی بۆ ئەنجام نەدرا بێت ، ((سیاسەتی زمانیش بە پلەی یەکەم بەندە بە بایەخدان بەزمانی دایك ، ئەگەر لەفێرکردنەوەدەستپێ بکەین ، بەو سیفەتەی ئەو پانتاییەیەکە سیاسەتی زمانی دەوڵەتی تێدا پەیڕەودەکرێت ، ئەگەر لەفێربوونی زمانەکاندا شکستی خوارد ، ئەوا دەگەڕێتەوەبۆ شکستی فێربوونی سەرکەوتوو لەزمانی دایکدا )) (برکة: ٢٠١٣: ٤٨٥).

لەو ڕوانگەیەوەپێویستەهەموو دەستپێکردنەکان ، سەرەتا لەزمانی زگماکەوەسەر هەڵبدەن و زمانەکانی تریش و فێربوونیان لەخزمەتی زمانەزگماکەکەدا بێت ، ئەمەش کرداری درووستی فێربوونی زمانی دیکەش لەلایەك ئاسانتر و لەلایەکی ترەوەبەپێز و ڕوونتر دەکات ، لەبەر ئەوەی ((هەر زمانێك پێش نەکەوێت بەزمانێکی مردوو دادەنرێت ، چونکەلەسەر زمان پێویستەخەڵکەکەی وا لێبکات گوزارشت لەڕاستییەنوییەکانی کەڕۆژانەدەردەکەون بکەن ، هەروەها ڕێبازی ژیان و شێوازی بیرکردنەوەنوێیەکانیان ، ئینجا ئەمەپەیوەست بێت بەبەرهەمەپیشەسازیەکانی وەك قاپشۆر ، فڕنی کارکەر بەشەپۆڵەبچوکەکان ،...هتد )) (بریفو:٢٠١٠: ١٢٠) ،یان ووشەیەکی وەکو /gaz / ) ) غاز کە لە سەدەی حەڤدەهەم لەووشەی ): (Khaos ) خاوس) ی گریکی سەری هەڵدا )) ، لەبەرامبەریدا کورد (گاز) ی بەکار هێناوەو بەکاری دەهێنێت، لەپاڵ بەکارهێنانی (غاز)بەڕێژەیەکی زۆر ، لەکاتێکدا ووشەیەکی وەکو (گازوایل (gasoil ) (گاز لەئاکامی دڵۆپاندنی نەوت بەرهەم دەهێنرێت ، گازوایل لە(کیرۆسین و زەیتی چەشنی بەز دروستبوو )) (Webster Dic ) ، خۆی ووشەکە (گاز + ئۆیەل )ە، بەڵام لای کورد بوەتە(گازوایل) یان (گازوایەل) ، یا ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەکۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بۆ نموونە: ئینتەرنێت : انترنیت (Internet: لەنێو زمانی عەرەبیدا ((لەگەڵ شێوازی زمانەکەلەڕووی گونجاندنی دەنگ و پیتەکان وەکو خۆی بەکار دەهێنرێ ، کەلەبنەڕەتدا ووشەکەلە دوو ووشەپێکهاتووە (Inter )بەواتای ( خستنەناو ) ، و (Net ) بەواتای (تۆڕ)، لەعەرەبی لەبری ئینتەرنێت :(تواصل الشبكات) و(الشابكة) یان(الشبكةالعنكبوتية) یان بۆ داناوە، بەڵام لەکوردیدا هیچ وشەیەکیان لەبەرامبەردا بۆ دانە ڕشتووە، هەرچەندەزۆر ئاساییەکەئەم جۆرەووشانەوەکو خۆیان بەکار بهێنرێن ، واتەتەنیا سیمای زمانەکەیان پێ بە خشرێت ، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانەمامەڵەکردن و چۆنیەتی تێگەیشتنەلەم جۆرەووشانەدا ، چونکەخۆی لەبنەڕەتدا ، ووشەکەدوو بەشە، ، کەچی تێنەگەیشتنی لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە، وەکو یەك ووشەمامەڵەی لەگەڵدا دە کرێت ، یان ووشەیەکی وەکو (فایل (File ) (کەلەزمانی عەرەبیدا (ملف) یان بۆ بەکار هێناوە، بەڵام لەکوردیدا ، سە رباری بەکار هێنانی (فایل) یا (فایەل) یش بەکار دەهێنرێت.

یان هەر خودی (کۆمپیوتەر (Computer ) (کەلەزمانی عەرەبیدا چەندین ووشەیان لەبەرامبەردا بۆ بۆ بەکار هێناوە،وەکو :حاسوب ، حاسب ، الحاسب الالي ، حاسب الي ) ئەمەو جگەلەبەکار هێنانی (کمبیوتر) ، کەدانانی چەندین وشەلەبەرامبەر یەك ووشەدا دەبێتەمایەی ئاڵۆزی زمان و سەر لێشێواندنی وەرگر یا خوێنەر ، هەر چەندەئەم ووشانەی دروستکراون زۆر کەمتر بەکار دەهێنرێن بەبەراوورد لەگەڵ ووشەکەبەزمانەڕەسەنەکەی خۆی، ئەمەش بارێکی تە

ندروسته، چونکەشتێك نیەبەناوی ئەوەی کە خودی زمانەکەهەموو لایەنەڕۆشنبیریەکەتێر بکات ، هەمیشەزمانەکان پێویستیان بەیەکتری و ڕۆشنبیری یەکتری هەیە، تا ڕۆشنبیری خۆیان پێ دەوڵەمەندتر بکەن ، هەروەها ((وەرگێڕان هەنگاوی یەکەمەبۆ بڵاوبونەوەی ئەدەبێکی بێگانەلەووڵاتێکی دیاریکراودا ، بۆیەلێکۆڵینەوەلەم بابەتەدا پانتاییەکی فراوانی لەگرنگیدانی ئەدەبی بەراوورد گرتووە)) (منظم: ٢٠١١: ١٢٧) ، بۆیەئەدەبی بەراوورد هەمیشەبەدوای دەقەکان لەزمانی سەرچاوەدا دەگەڕێت ، بوونی زمانێکی ناوەندگیر لەنێوان زمانی سەرچاوەو زمانی ئامانج دەبێتەمایەی دوورکەوتنەوەلەتێگەیشتنی ڕاستەقینەی بابەتەکەو ڕۆشنبیری دەقەکە، هەر لەبەر ئەوەیە(نیدا) پێی وایە((کەدەبێت ڕەوشی وەڵامدانەوەی وەرگری دەقەوەرگێڕدراوەکەوەك ڕەوشی وەرگری دەقەسەرچاوەکەی هاوتا بێت)) (نیدا: ٢٧:١٩٧٦) ، ئەم هاوتاییەش دەگەڕێتەوەبۆ تواناکانی خودی وەرگێڕەکەو تا چەند توانای بەسەر دەقەکەلەزمانەڕەسەنەکەدا دەشکێت و دەتوانێت سیما و کرۆکی بەزمانی ئامانج بگەیەنێت ، وپارێزگاری لەناسنامەی دەقەکەبکات ،لەبەر ئەوەی(( ناسنامەقەڵاێکەڕۆشنبیری پتەوییەکەیەتی وپەرژینەکەیشی زمانە)) (المسدي: ٢٠١٤: ٢٨٠) ، پاراستنی ئەم قەڵایە دەکەوێتەئەستۆی دانیشتوانەکانی بەگشتی و ڕۆشنبیرەکانیش بەتایبەتی ، چونکەلەڕێگەی ئەوانەی بەردەوامی بە زمانەکەدەدرێت هەروەها وشەودەستەواژەو دەربڕینی نوێ دێنەناو زمانەوەو گەشەی پێ دەدەن.

**بەشی دووەم/سنووروتایبەتمەندیی و ڕۆشنبیریی لەنێوان زمانی کوردی وعەرەبیدا**

ئەگەر چی زمانی کوردی وعەرەبی سەر بەدوو بنەماڵەی زمانیی جیاوازن ، ودوو ڕۆشنبیری تا ڕادەیەك دوور لەیەکتریان هەیە، بەڵام ئایینی ئیسلام کۆیان دەکاتەوە، بەشێوەیەك زانا ودانا کوردەکان بۆماوەیەکی دوورو درێژ بەهۆی ئایینی ئیسلامەوەلەخزمەتی زمانی عەرەبیدا بوون ، مەگەر تەنیا لەقسەکردندا ئاوڕیان لەزمانی خۆیان دابێتەوە، چونکەزمانەکانی تری وەك عەرەبی و فارسی زمانی سەردەستەبوون ، وزمانی کوردی وەك بەشێك لەچەوسانەوەی خاك ونەتەوە، چەوسێنراونەوتەوە(عە زیز: ١٩٩٩: ٢٩٨ ).

ئەمەهانی چەندین شاعیر و ڕوناکبیری کوردی داوە، بەرگری لەزمانی کوردی بکەن ، کەموفتی پێنجوێنی یەکێك بووەلەم شاعیرانەو دەڵێ:

نووسین بەکوردی تاکەی کوفرەلات بۆچ لات ناخۆشەزمانی ووڵات

لێم زویر نەبی ، هاوڕێی ژینتم کوردم وێنەی تۆ ، هەم هاودینتم(پینجوینی:١٩٩٠: ١٦٥)

هاوژیانی زمانی کوردی وعەرەبی لەنێو ژینگەیەکی هاوبەشدا وای کردووە، ئاڵوگۆڕی لەنێوانیاندا لەڕادەبەدەر بێت ، چ وەك گواستنەوەی ووشەو دەستەواژەو زاراوەلەلایەك ، چ وەك ڕۆشنبیری لەلایەکی ترەوە، (کاتێکیش کەهەم کولتوور وهەم زمان،هەردووك لێك دوور بن وەك فارسی وئینگلیزی ، ئەوکات ئیدی گیروگرفتەکەچەند بەرامبەر وئەرکی وەرگێڕ زۆر قورستر دەبێ)) (چەند نوسەریک: ٢٠٠٥: ٢٩_٣٠) لەگەڵا ئەوەشدا ئەم ئەرکەقورسەوەرگێڕان لێی بە رپرسیارە، ئەگەر کردەی وەرگێڕان نەبوایە، ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا یەکتریان نەدەناسی ، وشارەزای شارستانیەتی یەکتر نەدەبوون، ئەدەبی هیچ نەتەوەیەك بەرەو جیهانبوون بەرز نەدەبۆوەو کەس بەشیعرەمرۆڤایەتیەکانی (تاگووری هیند( ١٨٦١_ ١٩٤١ ) و چوارینەکانی عومەری خەیام (١٠٤٠ – ١١٣١) ی فارسی ئاشنا نەدەبوو ، هەروەها شانۆکانی شکسپیر(١٥٦٤_١٦١٦ ) ی ئینگلیزی نەدەناسی ، و شارەزایی لەزمان و کلتوور و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی پەیوەستن بەزمانەوەنەدەبوو ، لاینبێز دەپرسێ :(چ پێویستەبۆ ئەوەی بەکار هێنانی زمان بەردەوامیی پێ ببەخشرێت ؟ یا ئەو سێ تایبەتمەندیەی پێویستن لەزماندا چین ؟ ، بەپێی دەربڕینەکان ئەو سێ تایبەتمەندییەی پێویستەبریتین لەبایەخ پێدان و پاراوی و جوانکاری (یورکسن: ٢٠٠٩: انتەرنیت) ، مەبەست لەپاراوی پاراستنی ووشەو دەربڕینەڕەسە

نەکانی زمانەکەیە،نەوەك داخستنی دەرگا بەڕووی ووشەو دەربڕینی زمانی تر ، چونکەزمان هەمیشەبەڕووی ئەم جۆرە ووشەو دەربڕینانەوالآیەکەنوێن ، دەچێتەنێو زۆربەی زمانەکان ، ئینجا یا پەیوەستن بەئامێرێکی نوێوەیا زانستێکی نوێ ، یا جۆرەئەدەبێکی نوێ ...هتد.

بۆ نموونە:جلشۆر بەرامبەر (غسالە) هاتەنێو زمانی کوردییەوە، بەڵام لەگەلأ ڕەوتی پێشکەوتندا (قاپشۆر) دەرکەوت کەشێوازی دروستکردنیان بۆ کەرەستەی شوشتنەکەدەگەڕێتەوەوجیاوازی دەخرێتەنێوانیانەوە، هەرچەندەکورد لەسەرەتادا خاوەنی کەرەستەی زمانەوانی خۆی بووەچەشنی ئەلف و بێی پەیڕەوکراو لەئاڤێستای زەردەشت ، بەڵام بەهۆی پەرش وبڵاوی و ڕێژەی زۆری نەخوێندەواری و نەبوونی چوارچێوەیەکی ڕامیاری و جوگرافیی دیاریکراوی دەولەت و چەوسانەوەی ، لەژێر کاریگەری پەیڕەوکردنی ئایینی ئیسلام ، زمانەکەیشی زیاتر کەوتۆتەژێر ئەم کاریگەرییە ، بۆیەکورد ئەلف وبێی عەرەبی بەکار دەهێنێ ، ولەڕێگەی ئایینەوە سەوداکردنی کورد لەگەل زمانی عەرەبیدا پتەوتر بووە، هەر چەندەچەندین پیتی وەك (( پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ ))، لەزمانەعەرەبیدا وەکو پیت بەدی ناکرێت ، تەنیا لەقسەکردندا برێکیان بەدی دەکرێن ، لەپال پیتەکانی (ڕ ، ڵا ، ێ ، ۆ ) کەئەمانەش لای عەرەب وەکو پیت بەشێوەنین، بەڵام (ّ :الشدة) هەندێك لەم بابەتانەچارەسەر دەکات ، کەلەڕێنووسی کۆنی کوردیشدا ، واتەپێش ئەوەی حەوت بۆ ژێر (ڕ) بدۆزرێتەوە، دوو (رر) یان دەنوسی.

چەندین پیتی وەك (پ ، ژ ، گ ، ڤ ، چ ،ص) لەعەرەبیدا هەن و هەندێك پیتی (ع) یش دەخەنەئەو لیستەوەلە کوردیدا نین ، بەڵام کورد ئەمانەی بەوەچارەسەر کردووەکەبەرامبەر ئەو پیتانەی داناوەکەلەکوردیدا هەن، ئەمەش باری زمانەکەی سوکتر کردووە، چونکەهەر سێ شێوەی (ژ ، ڤ ، چ) ی بەرامبەر (ز) داناوە، ئەوەی جێگەی تێبینی یەو باسی لێوەدەکرێت ، پیتی (ع) کەبەپیتێکی هاووردەئاماژەی بۆ دەکرێت ، کەچی هەندێك ووشەئەم پیتەیان نیەو کورد بەکار هێناوەوەك : أرض : ئەرز : عەرد // إنسان : عینسان : مرۆڤ ، بەڵام (عەرد ، عینسان) لەزمانی فەرمیدا بەکار ناهێنرێت ، تەنیا لەقسەکردندا هەن و بەپێی ناوچەش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت ، (لەعێراق لەساڵەکانی بیستەوەچاپەمەنی کوردی خۆی دەرخستووە، ساڵی (١٩٢٥)بەسەرەتای ساڵی کتێبی کوردی دانراوە)(نەریمان:١٩٨١: ٢٠) ، ئەمەش لەیاد نەکەین ، ڕۆشنیری کوردی ، لەناو جەرگەی ڕۆشنبیری عەرەبیدا سەریهەڵداوە، وەك بەچاپ گەیاندنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لەساڵی (١٨٩٨)لەقاهیرەبوو ، ودامەزراندنی ڕادیۆی کوردی لە(یافا)ی فەلەستین.

هەروەها(جەمال عەبدولناسر )یش لەساڵی ١٩٥٧ بەشی کوردی لەرادیۆی قاهیرەدانا ، ئەمانەپەیوەندی نێوان ئەم دوو زمانەو ئاڵوگۆڕی بۆ ڕۆشنبیرییان زیاتر کرد(نەبەز:٢٠٠٨: ١٥ ) ،لەبەر ئەوەی ((وەرگێڕان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یە وناتوانرێ لەپەراوێزی کۆمەڵگەدا دەستەبەر بکرێت ، چونکەئەو خاڵانەی کەدوو ڕۆشنبیری تێیدا پێك دەگەن ، دەرفەت بۆ ناسینی ڕۆشنبیرییەکی تری جیاواز دەڕەخسێت ، بەو واتایەوەرگێر بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، چونکە وەرگێڕان جۆرێکەلەبەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی ، بەڵام ڕۆشنبیریش لەهەمانکاتدا ، ڕۆشنبیرییەك دەگوازێتەوەنێو ڕۆشنبیرییەکی تر ودەبێتەهەڵقەی بەیەکگەیشتنی نێوان دوو ڕۆشنبیری))(الامام:٢٠١٤: ١٤٢).

شیعری (أنشودةالمطر)ی (بدر شاکر السیاب/١٩٢٩_١٩٦٤) کەلەلایەن د.لەتیف محمد حسن وەرگێڕدراوەتەسەر زمانی کوردی ، بەناوی (سروودی باران)، یەکێ لەوکێشانەی کەوەرگێڕ ڕووبەڕووی بۆتەوەو، لەپەراوێزدا ئاماژەی بۆ کردووە، ئەو جیاوازیەڕۆشنبیرییەی لەنێوان کوردی وعەرەبیدایە، لەڕووی دروستکردنی خانووبەرەوەدەڵێ: ((هەرچەندە ووشەی (بانێژە) دەقاودەق مانای (شرفة) عەرەبیەکەنابەخشێت، بەڵام بەنزیکترین ووشەم زانی ، چونکە مانای بەرزی قاتی سەرەوەدەگەیێنێت ، لەهەمان کاتیشدا وەك (شرفة) دەکەوێتەبەردەم هۆدەکانی خانووەوە))

(السياب:٢٠١٠: ٢٩ ) ، ووشەی (بانێژە) لای کورد بەرامبەر (سەربان) یش بەکار هاتووە، بەڵام بەکارهێنانەکەی بەشێوەیە کی فراوان نەبووە، لەحاڵەتی وادا وەرگێڕ ناچار دەبێت ، ووشەی نزیك لەواتای ووشەی دەقەڕەسەنەکەبەکار بهێنێ ، ئەمەلەلایەك و لەلایەکی ترەوەمێژووی وەرگێڕان لەنێو کورددا ((تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم هیچ سەرەتایەکی ئەوتۆی وەرگێڕان لەزمانی بێگانەوەبۆ کوردی وەبەپێچەوانەشەوەبەدی ناکرێت، ئەمەش پێچەوانەی گەلانی دیکەی وەك :(عەرەب ، تورك ، ئەرمەن ، فارس ) کەهەر لەسەدەکانی ناوەڕاستەوەجموجۆڵی وەرگێڕانیان لەلا پەیدا ببوو)) (پیربال:٢٠٠٢: ١٥ ).

کەواتەئەزموونی کورد لەگەل وەرگێڕاندا ئەزموونێکی نوێ یەبەبەراوورد بەنەتەوەکانی دەورووبەردا ، ئەمەش وای کردووەکزییەك بەرێڕەوی ئەم هونەرەگرنگەدا بەدی بکرێت ، هەرچەندەژیانی کورد وایخواستووە، وچەندین هۆکاریش بونەتەکۆسپ ، لەبەردەم بوونی وەرگێڕان و نەبوونی جموجۆل لەو بوارەدا (سەرچاوەی پیشوو) ، یەکێك لەدەستکەوتەکانی کورد لەشۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ دامەزراندنی (بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی ) بوو ، ئەم دە زگایەئەرکی دانان و وەرگێڕان و ئامادەکردنی کتێبی قوتابخانەکوردییەکانی کەوتەئەستۆ (نەریمان: ١٩٨١:٢٩ ) ، چونکەخوێندن لەپێش شۆڕش بەزمانی عەرەبی بوو،دواتریش درێژەی کێشا ، تا بەیاننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ ، تا ڕادە یەك بایەخ بەزمانی کوردی درا وئاوڕێکی دڵسۆزانەی لێ درایەوەوهەوڵەکانی بەلاتینی کردن لەکوردستانی عێراق سە ری نەگرت،بۆیەتاوەکو ئێستاش ئەلف وبێی عەرەبی سەردەستەیەو بەکار دەهێنرێت،لەپاڵ پاراستنی تایبەتمەندی پیتەکوردییەکاندا ، هەندێ ووشەلەزمانی کوردیدا هەن ، کەزۆر جار تەنانەت خاوەن زمانەکەش وایزانیوەهی زمانێکی وەکو عەرەبە، بۆ نموونە((دەستوور (Destur:ووشەیەکی کۆنی کوردە، بەپەهلەوی دەستڤەر :دەستەوەر :چۆتەنێو زمانی عەرەبیەوە))(نەبەز:٢٠٠٨: ١٤) ، یان ووشەیەکی وەکو (ساغ)بەواتای تەندروستدار ، بەهۆی (نە) پێچەوانەدە بێتەوە(نەساغ) واتەنەخۆش((لەزمانی کوردییەوەچۆتە تورکی) ،هەروەها چۆتەنێو زمانی عەرەبیش، لەنێو عەرەبیدا زۆر بەجووت ووشە(ساغ سلیم) لەسووریا ومیسردا بەکاردەهێنرێت، کورد هەر ووشەکەی خۆی بەکارهێناوەوجوت وشەکەیشی لەعەرەبی وەر گرتووەو لەقسەکردندا بەکاری دەهێنێت ، بەڵام بەجیاوازی ئەوەی لەلای عەرەب هیچ ناوگرێکی نیە، و کورد (و) ی ناوگری داناوەو دەڵێ (ساغ وسەلیم) کە(سلیم)هاوواتای ساغەولەم جۆرەجووت ووشانە لەنێو زمانی کوردیدا زۆرن ، هەر لەم بارەیەوەجووت ووشەیەکی وەکوو (پەرش وبڵاو) بەیەکەوەدێن و بەکار دێن ، لە کاتێکدا (بڵاو) بەتەنیا بەکار دەهێنرێت ، بەڵام (پەرش) بەو شێوەیەبەکار نایەت بەڵکو (پەرت) بەکار دێت ، کەچی بە رهەمێکی ئازاد بەرزنجی کەچەند دەقێکی وەرگێردراو نووسراوەبەناوی (لاپەڕەپەرشەکان) لەبەرامبەر (أوراق متناثرة) بەکار هاتووە، کەلەووتنیدا قورسییەك بەدی دەکرێت ، وکورد وا نالێت ، ((دەوڵەمەندی هەر زمانێك دەگەڕێتە وەبۆ سروشتی پێویستی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو زمانەو ئەو هەولأ و کۆششانەی خاوەن زمانەکە، بەمەبەستی پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی دەیدات ، بۆ نموونەزمانەکانی ئەسکیمۆ زیاتر لە(٥٠) ناوی بۆ بەفر هەیە))(محمد:٢٠٠٨: ٢٤٢).

سروشتی ناوچەکەئەم ناوانەدەخوازێت ، وەك چۆن زمانی عەرەبی (گوێز)یان لەئێمەوەرگرتووە، لەگەڵ زمانی خۆیان گەنجاندوویانەو کردوویانەبە(الجوز) ، لەبەر ئەوەی دارەکەکە(گوێزە) لەگەڵ کەشی ئەواندا سەوز نابێت ، بۆیەخواستوویانە، ئێمەبەهەمان شێوەلەبەر ئەوەی دارخورما لەگەڵ کەشی کوردستاندا ناگونجێت ، بۆیە خواستوومانە، و(لەعەرەبیدا ووشەی (دار خورما)(نخلة) (٦٠) چەمکی هەیە ، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، کە زمانەئەفریقییەکان (٦٠) جۆر خورمای تێدا بەدی دەکرێت ))(جرمان:١٩٩٤: ٣٧) ، لەکاتی وەرگێڕاندا سیاقی ڕستەکە بڕیاری بەکار هێنانی جۆرەکەی دەدات ، وپێویستیشی بەشارەزایی وەرگێڕ لەم بوارەدا هەیە، دیارەلەووڵاتێکی

شاخاوی پڕ دار ودرەختی وەك كوردستان ، گەلێك ووشەبەرامبەر (غابة) دەبێ ، وەك لێڕ و جەنگەڵ ودارستان و بێشەو هی تر وەك زاراوەئەنجومەنی كۆڕی زانیاری (لێڕ) ی لاپەسەندترە، چونكەلەهەموویان باوتر ولەناو پانتاییەكی فراوانی كوردستاندا بەكاردەهێنرێت وله(جەنگەڵ) پەتی ترە،یا جیاكردنەوەی بەرد بۆ (حجر) و كەڤر بۆ (صخر) (انجومەنی كۆڕ: ١٩٧٤:٨٨٤ ) ، بەڵام بەرد وكەڤر لەنێو زمانی كوردی مەگەر بەدەگمەن نەبێت ، ئەگەر نا وەكو هاو واتا بەكار هاتووە، چونكەسنووری جیاكردنەوەكان لەلایەن ئەنجومەنی كۆڕەوەبەووردی نەخراوەتەڕوو ، هەندێ ڕەمزو دركەو تەنانەت پەندی پێشینانیش هەن ، وەكو ئەوەی چوار چێوەی ئامادەبن، لەهەردوو زمانی كوردی وعەرەبی دا هاوتان وەك (قطع دابره) دوایی بڕایەوە(طويل اللسان) زمان درێژ، هەر دەڵێی وەرگێڕدراوی ووشەبەووشەی یەكترین و وەرگێڕ ئەركێكی ئەوتۆی پێوەناكێشێ))(مستەفا :٢٠١٠: ٢٩ ) ، یا نموونەی پەندەكانی وەك (إن للحيطان اذانا) لە كوردیدا دەڵێین : دیواریش گوێی هەیە، یا (سكّر بيتك وامن جارك) : بەرامبەرەكەی لەكوردیدا (دەرگای خۆت قایم بكە ، دراوسیكەت بەدز دەرمەهێنە) ، یا (كلُّ الطرق تؤدي إلى روما ) بەرامبەرەكەی لەكوردیدا دەوترێ((هەموو رێیەك دە چێتەوەبانە) ، پەند هەیەقالبێكی ئامادەیەلەزمانی ئامانج دا وهەمیشەخۆ ماندوو كردنی دەوێ ، بەڕای شوكور مستە فا(( ئەگەر وەرگێڕ بەرامبەرەكانیان بەو زمانەنەدۆزێتەوە، وەرگێڕ نییە))(سەرچاوەی پێشوو).

بەڵام خواستنێكی دركاوی وەك (طار النوم من عيني) كەنوستنی بەباڵندەچواندوەو لەباڵندەش فڕینی وەرگرتووەو داویەتییەپاڵ نوستن ، گەر ئەمەوەربگێڕدرێتەسەر زمانی كوردی نابێ دەقاو دەق بووترێ (نوستن لەچاوم فڕی) لەبەر ئەوەی لەگەڵ ڕۆشنبیری زمانی كوردی ناگونجێت ، بەڵكو دەوترێ (خەوم زڕا) یان (زڕ خەو بووم) ئەمەبەكارهێنانی ڕە سەنی كوردە. وەرگێڕ چەندی بەدوای ڕەسەنایەتیدا بگەڕێت ، هێندەزمانەكەی پاراوتر دەبێت ، ڕەسەنایەتی ووشەش لەدەشت و شوێنەدوورەتێكەڵ نەبووەكان بەشارو شارستانیەت دەست دەكەوێت و هەروەك هەژاری موكریانی (١٩٢٦_١٩٩١) ئاماژەی بۆ كردووەو دەڵێ ((با نەخوێندەوارو دەشتیەكانمان بكەینەمامۆستای زمان وبەلامانەوەشەرم نەبێ كەلامان وابێ ئەوان لەشارستانی خوێندەوار باشتری دەزانن ، ئەو ووشەی دەمانەوێ لەجیاتی ووشەی بێگانە بینووسین و لەوان بپرسین ))(موكریانی:٢٠٠٣: ٣٣).

ئەو نوسەر و وەرگێڕانەی سوودیان لەم لایەنەوەرگرتووە، زمانەكەشیان پاراوتر و خۆشترەنموونەی : عەزیزی مە لای ڕەش ، عەزیز گەردی ، عەبدوڵڵا حەسەنزادە،... هتد ، هەر چەندەزۆرجار هەر ڕۆشنبیرەكانن كەووشەی نوێ دادە تاشن ، دەیهێننەناو زمانەوە، جا چ لەڕێگەی وەرگێڕانەوەبێت ، یان دانان بێت ، بۆ نموونەووشەیەكی وەكو (شاعیر)كە لەناو كورددا بڵاوەو :(شاعیری كلۆڵ ونەگبەت نیوەی خەڵكی دونیا دەزانن ئەو بۆچ ماڵوێران و چارەڕەشێك دانراوە، كوردەكەش پێی دەگوت شایەر ، كرا بە(هونەر) گوتمان باشە(بوێژ) یان بۆ دۆزییەوەپیرۆز بێ ، كرا بە(هەستیار)دە نگمان نەكرد ، وا ئەم ڕۆژانەسەر لەنوێ ناوكی بڕاوەو بانگیان بەگوێ دا لێداوەو ناویان (هەڵبەستێنەر) ئەگەر خوا نە یكوژێ بەدوو ساڵی تر وەك ووشتری عەرەب خاوەنی سەدووپەنجا ناو دەبێ )) (سەرچاوەی پێشوو) ، زۆری ناویش ئاڵۆزی وسەر لێشێواوی لەنێو خودی زمانەكەو لای وەرگریش دروست دەكات ، بەتایبەتی كاتی دروستكردنەكان شیاو نەبن و بەلاوازی دەركەون ، بۆیە((دەردی وەرگێڕان لەلای ئێمەبەشێوەیەكی سەرەكی دەردی كوردی نەزانینە، واتەوە رگێڕ چەند لەزمانی یەكەمدا زەبەردەست و شارەزاش بێت ، ئەگەر لەزمانی دووەمدا گەلەك شارەزاو كارامەنەبێت ، ناتوانێ وەرگێڕانێكی ڕوون و ڕەوان و مەفهوم ئەنجام بدات ، خۆ بەتایبەتی ئەگەر وەرگێڕانەكەدەقی ئەدەبی میناكی شیعر و چیرۆك و گوتاری هونەری و شانۆنامەو...هتد بێ . ئەوا باشتر وایەوەرگێڕەكەبەهوی ئەدیب وئەدەب پەروەر و ئەهلی ئەو مەیدانەبێت )) (عارف:٢٠١٢:١٤) ، واتەتەنیا زانینی زمان بەس نییەبۆ كردەی وەرگێڕان ، بەڵكو تێگەیشتن لە

کۆی ڕۆشنبیری زمان یارمەتی وەرگێڕ دەدات ، بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بێت ،((لەو ڕوانگەیەوە وەرگێڕان هەمیشەچە شنەتێگەیشتنێك ، گۆڕانێك ، گومانێك ، جولەیەك و ...هتد ، لەبیرکردنەوەی مرۆڤ دەسازێنێ ، ئەگەر ئەفراندن بریتی بێ لەدۆزینەوەی جیهانێکی نادیار یان گۆڕانێك لەئەزموونی مرۆڤ ، ئەوا وەرگێڕان خۆی لەخۆیدا جۆرەداهێنانێکی ترەلەو زمانەی کەوەرگێڕ دەیگوازێتەوە،هاوکاتیش وەرگێڕان جۆرەتێگەیشتنێك لەوانیتر بەئێمەدەبەخشێ )) (هەندرێن:٢٠١٠: ١٣٩) ، چونکەوەرگێڕان ئاشنایەتییەکی دوو جەمسەری هەیە، وئاڵوگۆڕییەکی چڕی نێوان ڕۆشنبیرییە کان و لایەنەنادیارو شاراوەکانی نەتەوەکانی ترمان پێ دەناسێنێ ، بەمەش بازنەی زانین و زانیاریمان فراوانتر دەبێت.

((کاتێك دوو وەرگێڕ یەك دەق وەردەگێڕن ، ئەگەر دێڕەشیعرێك یا دەربڕینێکی ئاشناش بێت، ئەوا جیاوازییەکی زۆر نێوانیاندا بەدی دەکرێت )) (عناني :٢٠٠٠ :١٧٣ ) ، تەنیا وەك نموونەیەك پارچەشیعری (سەربازی وون)ی عەبدوڵلا پەشێو ، دوو جار وەرگێڕدراوەتەسەر زمانی عەرەبی ، وەرگێڕی یەکەم ناوی نیە، تەنیا ئاماژەبە (مجموعة من المترجمين) کراوەلەلایەن خودی شاعیرەوەپێداچوونەوەی بۆ ئەنجامدراوە( پەشێو :٢٠١٥ : ٦٣) ، پێداچوونەوەخۆی لەخۆیدا پاڵپشتێکەبۆ وەرگێڕانەکەو کەم وکورتی کەمدەکاتەوەچ جای ئەوەی لەلایەن خودی شاعیرەوەبێت ، دووەم وەرگێڕان لەلایەن (صلاح برواري) ئەنجامدراوە(پەشێو: ٢٠٠٦: ١٢٠) ، تەنیا وەرگێڕانی ناونیشانی شیعرەکەیان یەکە کە (الجندي المجهول)ە، ئاکامی جیاوازی نێوان دوو وەرگێڕانەکەئەوەدەگەیەنێت کەدووەمیان ، ئاگاداری وەرگێڕانی یەکەم نەبووە، ((لەوانەیەهۆکاری جیاوازییەکان بگەڕێتەوەبۆ سەردەمی وەرگێڕانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، یا جیاوازی تێگەیشتنی دەربڕینەکە لەهزری هەر یەك لەوەرگێڕەکان ، یا جیاوازی جەماوەری گوێگرەکان بۆ دێڕەشیعرەکەیان دە ربڕینەکە(یا دەقەکە) )) (عناني :٢٠٠٠: ١٧٣ ) ، لەبەر ئەوەی کەرەستەی هەموو زمانەکان وەکوو یەکە، واتەلەفرمان و ناوو ئامراز پێکهاتوون ، هەموو ئەمانەش خۆیان لەژێر سێبەری ووشەدا دەبیننەوە،ئەگەر چی سروشتی ووشەکان بڕیاری هەڵگرتنی ناسنامەی یەکێ لەم سێیانەدەدەن ، ئەوەی جێگەی سەرنجە((نووسەری کوردلای وایەزمانەکەی خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی هەژارە، بۆیەدەبێ پەنا بۆ وەرگێڕان ببا ، لێرەوەڕیشەی ئەو تێگەیشتنەبەجۆرێك لەجۆرە کان بۆ هەستی وابەستەبوونی نووسەری کورد بەڕۆشنبیری ئەوی تر وەك ڕتوێژێك لەجڤاکی بندەستی کوردیی دەگە ڕێتەوە))(هەندرێن:٢٠١٠: ١٣٨).

هەستکردن بەبندەستی چەندین تێگەیشتنی باوی لێکەوتۆتەوە، گرنگترینیان:

١- زمانی کوردی ناتوانێ ببێتەکەرەستەیەکی باش بۆ نوسینی زانستەکان.

٢- ناتوانێ پڕ بەپێستی هەستەکانی کەسی کورد بێت.

٣- زمانێکەپێکهێنراوە، لەلایەن خواوەندەوەپێمان نەبەخشراوە.

٤- زمانێکی لاوازەو بەرگەی وەڵامدانەوەی زمانەکانی تەنانەت دەوروبەری خۆشمان ناگرێت.

ئەمانەو چەندینی تریش لەبایەخی زمانی کوردییان کەمکردۆتەوە، بۆیەئەرکی هەمووانەبەگشتی و ڕۆشنبیر ونووسەرو شاعیر و وەرگێڕ بەتایبەتی کەبایەخی فرمانەکەبهێننەوەو بیسەلمێنن و پیشانی جیهانی بدەن .

**بەشی سێیەم /پێوانەی وەرگێڕدراوەهاوردەو هەناردەوناوخۆییەکان و تایبەتمەندییەکانی بەکوردیکردن**

پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و وعەرەبی ، پەیوەندییەکی مێژویی دێرینە، بۆیەئەو وشەو دەربڕینانەی لەنێوان ئەم دوو زمانەدا پەڕیونەتەوە، سیمایان کاڵ بۆتەوە، مەگەر بۆ لێکۆڵینەوەووردبینیان بۆ بکرێت ،بەمەبەستی ناسینەوە یان،هێندەسیمایان گۆڕانکاری بەسەر دا هاتووەو چوونەتەقوڵایی هەردوو زمانەکەو تا ڕادەیەك تواونەتەوە ، تێڕوانینێکی هەڵەش بڵاوەکەتەنیا زمانی کوردی سوودی لەزمانی عەرەبی وەرگرتووەو، ئەمەشیان لەچوارچێوەی

بندەستەی زمانی کوردیدا نیشانداوە، لەکاتێکدا هیچ زمانێك نییەبتوانێت هەموو پێداویستییەکانی خۆی لەووشەو دە ستەواژەو زاراوەو ...هتد دەستەبەر بکات چونکە((زمانەکانیش چەشنی مرۆڤ ناتوانن بەتەنیا وبەبێ کاریگەریی دەرەکی گەشەبکەن )) (عبدالعزيز:١٩٩٠: ٩ ) ، زمانی کوردییش چەشنی هەر زمانێکی تر ئارەزووی ئاڵوگۆڕی و وە رگرتنی ووشەی زمانی تر وگونجاندنی لەگەڵ زمانەکەیدا دەکات ، هەندێ زاراوەی پەیوەست بەئامێر وئامرازەکانی پێشکەوتنی پیشەسازی کەلەزۆربەی زۆری زمانەکانی جیهاندا بڵاوبونەتەوە، بۆ نموونەتەلەفزیۆن ، کەکوردی پارچەی ڕۆژهەڵات لەژێر کاریگەریی زمانی فارسیدا دەڵێن (تلويزيۆن) یا بۆنەهاوردەکان وەك (ڤالانتاين) کەبەشێکی زۆریش لەوانەیەنەزانن کەبۆنەکەبەناوی قەشەکەیەکەڕۆڵی نزیککردنەوەی خۆشەویستانی هەبووەو بۆتەقوربانی ، بۆیەلەکوردیشدا بە(ڕۆژی خۆشەویستی) ناوزەد کراوە، وەك ئەوەی وەرگێڕانی (ڤالانتاين) بێت، لەدێرینەوەعەرەبەکانیش وەکو کوردەکان ووشەیان لەزمانی بێگانەوەوەرگرتووەو خستوویانەتەنێو سیاقێکی عەرەبیانەوەو بە چرپش بەکاریان هێناوە، هەرچەندەزمانی عەرەبی پاراو زمانێکەدووجار بەخت یاوەری بووەکەبریتین لە:(سراج:٢٠٠٧: ٨٨)

١- زمانێکەخاوەن هێلێکی ڕۆشنبیرییە، وەلەپانتاییەکی فراواندا بڵاوبۆتەوە،هەروەها لەواقیعی ئێستای هزری تایبەت بەجیهانی عەرەبی بەرجەستەدەکرێت.

٢- زمانی عەرەبی زمانی ئایینە، زمانی پەیامی نێردراوی یەزدانە، ئەمەش بایەخێکی بێ وێنەی بەم زمانەبەخشیوە ، لەڕێگەی قورئانی پیرۆزەوە، کاریگەری لەسەر هۆشیاریی کۆمەڵی موسوڵمانان دا دروستکردووە.

لەو ڕوانگەیەوەشێخ ڕەزای تاڵەبانی : دەڵێ :عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوەناکەم ئەفزەڵن ئەمما

(سەڵاحەددین) کە دونیای گرت لەزومرەی کوردی بابان بوو (تاڵەبانی: دیوان)

، هەرچەندەشێخ ڕەزا ((سەڵاحەددینی ئەیوبی بەکوردی بابان دادەنێ ، کەچی ئەو لە عەشیرەتی ڕاوەندی بوو ، بە پێی ئایین ڕێز لە فەزڵی عەرەب دەگرێت ، بەڵام کوردێکی وەکو سەڵاحەددین ، ووڵاتی لەدەست سەلیبییەکان ڕزگارکرد، وبەسەربەرزی چووەناو قودسەوە))(سەرچاوەی پێشوو: ٢٨٢). شێخ ڕەزا لەسەرەتادا دەیەوێ ، بەرزی عەرەب بەهۆی قورئانەوە دەربخات ، کاتێ مێژووی وەرگێڕانی هەر نەتەوەیەك دەنوسرێتەوە، بەواتای نووسینەوەی مێژووی ئەدەب و چێژ و هزر و ڕۆشنبیری نەتەوەکەدێت ، سەرباری دەستووری تایبەت بەزمانەکە، کەمەبەست لێی زمانی زگماك، زمانی دایکەو پەیوەستەبەکرۆکی ئەم نەتەوەو گوزارشت لەسەرمایەی نەتەوەکە بەگشتی و مێژوویی و ڕۆشنبیری بەتایبەتی دەکات.

زمانی کوردی ، چ لەدەنگسازی، چ لەووشەسازی ، چ لەڕستەسازی ، چ لەدروستبوونی ووشەدا زمانێکی سەربەخۆیە، بەڵام نەبوونی باوەڕێکی تۆکمەبەزمانەکەلەلایەن خودی خاوەنەکانیانەوەو ، فەرامۆشکردن و زاڵکردنی ووشە و دەستەواژەو زاراوەی بێگانە، سیمایەکی کزی بەزمانی کوردی بەخشیوە، ئەمەلەلایەکەوەو لەلایەکی تریشەوە، وەرگێڕان کاریگەرییەکی نەرێنی بەسەر زمانی کوردییەوەهەیەکەجگەلەبەشێکی کەم ، ئەوانی تر ، ئیشکالیەتێکی زۆریان بۆ ئەم زمانەدروستکردووە، لەکاتێکدا هەڵەی باو جیاوازەلەهەڵەیا هەڵەی زمانیی چونکە هەڵەی باو بەهۆی بڵاوبوونەوەی زۆر بەکارهێنانی جۆرێك لەبەیاسابوونی تێدا بەدی دەکرێت ، بەڵام هەڵە یا هەڵەی زمانیی پێویستییان بەچاککردنەوەهەیەو ، ناچنەنێو هیچ ڕیسایەکەوە، بۆ نموونە(زانکۆ)کەبەرامبەر(الجامعة)ی عەرەبییە، کەلەڕەگی (زانین) و (کۆکردنەوە)دا دروست بووە،لەگەڵ پێوەری زمانی کوردیدا ناگونجێت ، بەڵام ڕۆیشتووەو زۆر بەفراوانی بە کاردەهێنرێت .

هەڵەلەئاکامی تێنەگەیشتن وچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ووشەکاندا درووست دەبێت ، بۆ نموونە:کاتێ ووشەیەك لەدوو ووشەیا زیاتر ، یا دوو ووشەوناوگرێك پێك دێت ، وبەیەك ووشەمامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت هەر وەك ووشەیەکی وەکو (سیمرغ) کەلەئاڤێستادا بە(سینامیرغا) و (سین مروغ)یان (مورو) هاتووە(حسون: ٢٠٠٦: ٤٧ ) ،بەواتای (سی باڵندە) واتەلە(سی + مرغ) پێکهاتووەو هەمووی یەك ووشە نییە، یا کاتێك ووشەیەك زیاتر لەواتایەك هەڵدەگرێ ،بۆ نموونە(بار) لەزمانی فارسیدا هەر وەك لەزمانی کوردیشدا بەهەمان شێوەیە،بەواتای(جار) (دووبارەکردنەوە) واتە دووجار ووتنەوەوەماناکەی تری (بارگە)یە، کاتێ دەوترێت بارێکی قورسی هەڵگرتووە،واتە:(بارگەیەکی قورسم بە کۆڵەوەیە)،کەبار یا بارگەدەشێ خوازەیش بێت وەك (بارگەی خەم) کەخەم بەرجەستەناکرێت، لەوەرگێڕانی (لۆژیکی باڵندە) دا (هفتادبار) بە(سبعین حملاً) وەرگێڕدراوە،کەچی خۆی لێرەدا بەواتای(جار) دێت.واتە(حەفتاجار)نەك (حەفتا بارگە) کەسنووری نێوان واتاکانیان دوورن لەیەکترییەوە (حسون: ٢٠٠٦: ٥٧)، لەبەر ئەوەی کاتێك بابەتێك وەردە گێڕدرێ، دەبێتەبەشێك لەو زمانەی کەزمانی ئامانجە، و بەهۆی وەرگێڕانەوەلەزمانەسەرچاوەکەیا ڕەسەنەکەی دادە نرێت ((پێشوازیکردنێکی باشیش لەکاری ئەدەبی بێگانە، بەپلەی یەکەم دەوەستێتەسەر چاکی وەرگێڕانەکەو چۆنیە تی هاوسەنگی واتایی و شێوازەکەی لەگەڵا دەقەڕەسەنەکەدا ، چونکەزۆربەی کارەئەدەبیەکان توانای ئەوەیان دەبێت لەبواری وەرگێڕاندا بچوك ببنەوە ))(عبود:١٩٩٥: ٦٦).

بەواتای جۆرێك لەشێواندنییان لا دروست ببێت وەك چۆن هەڵەلای گشت پیشەدارەکاندا هەیە، هەڵەی وەرگێڕیش هەیەجگەلەهەڵەی باو نەبێت ، دەووترێت ((هەڵەیەکی باو باشترەلەڕاستیەکی جێهێڵدراو )) (العبدي:٢٠٠٦ : ١٢ ) ، تە نانەت فیتزگراڵد کەچوارینەکانی (خەیام )ی کردۆتەئینگلیزی وناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە، جارێکیان نامەیەك بۆ هاوڕێ و مامۆستای (ئیدوارد کاول) کەلەئۆکسفۆرد فێری زمانی فارسی کردووەو چوارینەکانی (خەیام) ی پێ ناساندووەدەنێرێ و دەڵێ :(لەڕاستیدا باوەڕم وایەخەیام زیاتر بەمنەوەپەیوەستەنەوەك تۆ ، من و ئەو یەك شتین ، تۆ دەتوانی چێژ لەهەموو جوانییەکانی وەربگری، بەڵام لەهەندێك لایەندا پێی ناگەیت)) (Fitzgerald (1989:،چونکە ئەو هێندەئاوێتەی ناوەڕۆکی چوارینەکان بووە، هەموو جەمسەرەکانی کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی پڕاوپڕ دابمەزرێت (پۆل گرایس)پێی وایەدەبێت چوار مەرج لەئارادا بن کەبریتین لە:(١. چەندایەتی ، ٢. چۆنایەتی ، ٣.پەیوە ندار بوون ٤. شێوەی دەربڕین ) چونکە((لەڕەوتی وەرگێڕاندا دوو هێز مل لەملی یەك دەنێن و هەر یەکەیان تێدە کۆشێ ئەوی دیکەبخاتەژێر ڕکێفی خۆیەوەجیهانی گوتار وسیستمی پێکهاتەی زمانی زگماکییەوەو زمانی زگماکیش بە هەموو توانایەوەخۆڕاگری دەکات ، ئاکامی ئەم ململانێیەدەبێتەهۆی دیاری کردنی ڕەوشی زمانی وەرگێڕان)) (سولحجور: ٢٠٠٥: ٤٨ ) ،چونکەزمانێکی جیاوازتر لەهەردوو زمانەکەدروست دەبێت ، نەبەتەواوی زمانەبێگانەکەیە، ونە زمانەزگماکەیشە، چونکەلەزمانەڕەسەنەکەدوورکەوتۆتەوەوتەنیا لەزمانەزگماکەکەنزیکبۆتەوەهەر وەك کەسێکی وەکو شیخ مارفی نۆدێیی ، کە(ئەحمەدی) لەشێوەی هۆنراوەبەمەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی بۆ کوڕەکەی نووسیوەلە دێڕێکدا دەڵێ:( نۆدێی:١٩٣٦)

(کبد) جەرگە(طحال) سپڵە (قلب)و(فؤاد) و(ضمیر)دڵە

لەکاتێکدا (ضمیر) بەرجەستەنیەوبابەتێکی مەعنەوییەولەزمانی کوردیدا بەرامبەر دڵ نایەت ، هەرچەندەپرسی ویژدان لەنێو دڵدا دەژی یان پەیوەستەبەمێشکەوە، ئەمەیان بەووردی دیارینەکراوەیا:

(نهار) ڕۆژە(لیل) شەوە (نوم) نوستنە(رؤیا) خەوە

بەڵام (حلم) خەوە،کەلەناوچەی سلێمانی (خەو) بەرامبەر (خەون) لەناوچەکانی تردا بەکار دەهێنرێت ، لەکاتێکدا (رؤیا) خەونی پیاوچاکان دەگرێتەوەنەك هەموو خەونێك ، هەروەك خەونەکەی (پێغەمبەر یوسف)(د.خ) لە چوارچێوەی ئاییندا ، هەندێ جار لەکوردیدا بەپێی سیاقی ڕستەکان دەگۆڕێن .خەوتم (نوستن) ، کەخەوتم خەوم بینی (خەون) (سوزان ماکگوێر) لەگەڵا(ڕۆمان جاکبسۆن) هاوڕایە لەجیاکردنەوەی نێوان سێ جۆری وەرگێڕان ، کە بریتین لە :(عوض:١٤١٠: ٨٠ )

1. وەرگێڕان لەناو زماندا (Intra – lingual translation ) کەبریتیەلەجۆرێك لەڕوونکردنەوەی دەق بەنیشانەی زمانی دەقەڕەسەنەکە(وەکو وەرگێڕانی شیعری شێوەزاری هەورامی بۆ شێوەزاری خواروو ، یا لەشێوەزاری سەروو بۆ خواروو.

2. وەرگێڕان لەزمانێکەوەبۆ زمانێکی تر ، پەیوەستەبەوەرگێڕانی نیشانەزمانییەکان لەزمانێکی دیاریکراو ، بە نیشانەی زمانیی لەزمانێکی تردا ، وبەگشتی بە(ەرگێڕانی ڕاستەقینە)ئاماژەی بۆ دەکرێت.

3. وەرگێڕانی نیشانەیی : کەتیایدا واتای دەقەکەلەسستمێکی نیشانەیی دیاریکراو دەگوازرێتەوەبۆ سستمێکی نیشانەیی تر ، وەك گۆڕینی ڕۆمانێکی ئەدەبی بۆ فیلمێکی سینەمایی ،(وەك (مەم وزین) ەکەی خانی کەدواتر کراوەتە درامای تەلەفزیۆنی ، یا فیلم .

ئەگەر زمان دەفری ڕۆشنبیرییەکان بێت ، ئەوا دەبێتەگەورەترین دەفر و شوێنی هەموو ڕۆشنبیرییەکی تێدا دە بێتەوە، وئەوەی دەگونجێت دەمینێتەوە، وئەوانەی تریش دەمرن.

بۆیە(یعازر بن یهودا) بیریاری ئیسرائیلی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دا ووتی ((بەبێ بوونی زمان نەتەوەژیانی نییە) ، ئەمەش بوو وایکرد ، زمانی عیبری لەزمانێکی مردووی ئایینی بێتە زمانێك لەباخچەی ساوایانەوە تا دکتۆرا لەهەموو زانستەکاندا بخوێندرێت(سەرچاوەی پێشوو: ٨٥).

بوونی زمان تەنیا لەبوونێکی بەرجەستەی زمان دا بەدی ناکرێت ، بەڵکو پێویستی بەپەروەردەو بایەخ پێدان هەیە ، تا گەشەبکات و لەگەڵ ڕێڕەوی پێشکەوتندا هەنگاو بنێت ، چونکەزمان دوو جەمسەرییەلەهەمانکاتدا ، جەمسەری ئە رێنی و جەمسەری نەرێنی، بەشێکی زۆر لەجەمسەرەنەرێنیەکە بەهۆی وەرگێڕانەوەدروست دەبێت ، بۆ نمونەدەمێکە کورد بۆ (البنية التحتية) زاراوەی ژێرخان بەکاردەهێنێت ، کەچی چەندین زاراوەی تریان بۆ داڕشتووە، وەك خودی وەرگێڕێك خۆی ئاماژەی بۆ کردووەو دەڵێ : دەکرێ لەبری ) (Deep Structure ) البنية التحتية ) (ژێرساز)(ژێر پێکهاتە)(ژێرخان)(بنساز) ...هتد، هەروەها لەبری (Surface Structure ) دەکرێ (ڕووساز ، سەرساز ، ڕوو پێکهاتە، سەرپێکهاتە) بەکار بهێنین ، وەلی هێشتا زمانەوان لەسەر هیچکامیان ساغ نەبونەتەوە، بۆیەمنیش بۆ ئاسانی تێگە یشتن و بڕوا بەکورتی لەباری زاراوەکە، بەکارم هێناوە.

کەوەرگێڕ هەردوو زاراوەی (ژێرساز وڕووساز) ی بەکار هێناوە، لەکاتێکدا دەبوو ، ئاگاداری ئەوەبێت کە(ژێرخان و سەرخان) هیچ کێشەیەکیان نییەو ماوەیەکی زۆرەبەکار دەهێنرێن ، پێویست بەدروستکردنی زاراوەی نوێ ناکەن ، هەمان وەرگێڕ (هۆکار و هۆکریاو)ی بەرامبەر بە(علەومعلول) بەکار هێناوە(هۆکریاو) پێویستی بەڕامان و ووردبینی زیاتر هەیە،یا بەرامبەر(مقیاس)(پێوانە، بەراووردکردن، پێکگرتن)ی داناوە،لەکاتێکدا (بەراووردکردن)و(پێکگرتن)بۆ (قیاس) ناشێت، هەروەها وەرگێڕانی (فيها ما فيها) گواستراوەتەوەبۆ(ئەوەی تێدایەکەتێدایە) ،بەڵام کورد دەڵێ (ئە وەی تێیدایە، تێیدایە)(بەلخی: ٢٠٠٦)، بەهۆی بەیەکداچوونی وەرگرتن و وەرگێڕان سنووری نێوانیان کاڵبۆتەوە، چونکە(وەرگرتن) یش بەشێکەلەوەرگێڕان،بەڵام وەرگێڕانی سەرکەوتوو ئەوەیەکەچەندی دەکرێت وەکو ڕەسەنەکە

بێت ، ئەگەر وەرگێڕ لەم پێناوەدا، ناچاریش بوو دەست لەکارەکە وەربدات،و چەندین جار دەستکاری بکات ، مەبەست لەدەستکاریکردن وەرگرتنە (الديداوي:٢٠٠٥ : ١٠٣ ) ، بۆ نموونەدەستەواژەیەکی وەکو (بين عشية و ضحاها) يا (بين المغرب والعشاء يفعل الله ما يشاء) يا (إنا لله وإنا إليه راجعون) يا (انشاء الله)وەرناگێڕدرێن ، مەگەر وەرگێڕانێکی دە قاودەق بۆیەئەوەی جێگەی سەرنجەزۆربەی کات ، بەتایبەتی دەستەواژەی دووەم و سێیەم هەروەکو وەرگێڕدراوەو لەکاتی دیاریکراودا ئاماژەی بۆ دەکرێت ، هەر بەزمانەڕەسەنەکەی خۆی کەعەرەبیەدەبێت ، (نیدا) لە ( Toward a Science of Translation) (بەرەو زانستێك بۆ وەرگێڕان) دا ، سێ جۆر واتا دەستنیشان دەکات: (نیدا:١٩٧٦: ١٤٧ ).

1. واتای زمانی (Grammatical Meaning ) لەناو زماندا کار دەکات و پەیوەندی بەدەرەوەی زمان نییە.
2. واتای سەرچاوەیی (Referential Meaning ) واتای فەرهەنگی ، ڕەمزی زمانین ، دەگەڕێنەوەبۆ شتێك یا ڕووداو یا پەیوەندییەکی دیاریکراو.
3. واتای ئیحایی (connotative Meaning )ئەم جۆرەواتایەشیکردنەوەی واتا هەڵچوونی پەیوەست بەهە ڵسوکەوتەکانە،بەهۆی سیاقی ڕۆشنبیری یا زمانیی ئەنجام دەدرێت،بۆ نموونە:(کەم ئەندام) بەرامبەر(معاق)کەلەڕووی کۆمەڵایەتیەوەشوحنەیەکی سۆزداری نەرێنی تێدا بەدی دەکرێت ، بەڵام لەڕووی تەندروستیەوەمانای خۆی دەگەیە نێت ، کەچی (خاوەن پێداویستی تایبەت)نەرمیەك دەنوێنێت و کاردانەوەی دەروونی کەمتری تێدا بەدی دەکرێت.

ناو و پەیوەستبوونی بەخودی نەتەوەکە،وبەئاینەکان چونکەهەرئاینێك بەهایەکی سۆزداری ئایینی تێدا بەدی دە کرێت،ناوەکانیش پەیوەست دەبن بەڕووداوو هەڵوێست و سەرچاوەکانیەوە، بۆ نموونە:ناوێکی وەکوو(تۆڵە) ناشێ وە ربگێڕدرێت بۆ (ثأر) چونکەئەمەناوی کەسەلەلایەك ولەلایەکی ترەوەپەیوەستەبەڕووداو بندەستی لەمێژینەی نەتەوەی کورد.

ناوەکان ئیحای سەرچاوەی ناوەکەدەبەخشن ، وەکو (Adolph Hitler ) أدولف هتلر :ئەدۆلف هیتلەر یا (Cinderella )سندريلا ، سەندریللا ، کەکەسێتیەکەی ئەفسانەییەولەنێو حیکایەتدا هەیە، بۆیەناوێکی وەکو (ژیمان) بەواتای مانەوەی هەمیشەیی ، ناشێ ببێتە(بقاء أبدي) لەکاتێکدا عەرەب ناوی (خلود) یان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە باشترین ڕێگا نووسینەوەی ناوەکەیە، وەك چۆن لەزمانەڕەسەنەکەیدا هاتووە، ئەگەر وانەبێت کێشەدروست دەکات ، وەك لەزمانی عەرەبیدا ناوێکی وەکو (معمر القذافي) بە (٦٠) شێوەگواستراوەتەوەنێو زمانی ئینگلیزی ، ئەمەش جۆرێك لەتێکەڵی وئاڵۆزی دروست دەکات ، و دەزگای ئاسایشەئەمریکیەکانی بەخۆیەوەسەرقاڵ کردوە، پیتی (ق ) (Gh , k ,G , Q , Kh ) )نوسراوە، جگەلەشێوەی پیتەکانی تر (؟ :٢٠٠١: صحيفة الوطن).

گونجاندن و نوسینی ناوەکان ئەرکێکی قورسەبەسەر شانی وەرگێڕەوە، چونکە((دەنگەکان وژمارەو شێوەکانیان لە زمانێکەوەبۆ زمانێکی تر دەگۆڕێن و دوو زمان نییە، کەبەتەواوی خاوەن هەمان دەنگەکان بن)) (نیدا: ١٩٧٦: ٢٦٧ ) ، بۆیەباشترەناوەکان بخوازرێن نەك وەربگێڕدرێن ،لێرەدا وەرگێڕان بەواتای بەکوردیکردن یا بەعەرەبیکردن ، بەتایبەتی دەبێ ئاگاداری ئەو پیتانەش بین کەناخوێندرێنەوە، کێشەیەکی تر لەناودا بوونی دوو ناوەبۆ کەسێکی دیاریکراو ، تە نانەت چەند پێغەمبەرێك هەڵگری دوو ناون ، وەك:(عيسى ، المسيح)(محمد ،أحمد) ، (يعقوب ، إسرائيل )(يونس ،ذوالنون) ، هیچ ڕێ وشوێنێکی زانستی بۆ ناو لەکاتی وەرگێڕاندا لەنێو زمانی کوردی وتەنانەت عەرەبی بەدی ناکرێت ، بەڵکو بەپێی وەرگێڕو بابەتەوەرگێڕدراوەکان بەپێی بوارەکاندا دەگۆڕێن ، نموونەی فەلسەفی و و ئەدەبی و ڕۆشنبیری ...هتد.

نووسینی ناوی عەرەبی لەوەدا گرفت پەیدا ناکات،ئایا سادەیەیا داڕێژراوە، گرفتەکانی لەوەدایە، ئایا ناوی عەرەبی بەپیتی کوردی ورێنووسی کوردی بنوسرێ یاخود بەپیت ورێنووسی عەرەبی( محەمەد: ٢٠١١: ٤٢٦ ).

هەروەها بۆ مەسەلەی نێرومێش بەهەمان شێوە،چونکەبەپێی کولتووری زمانەکەدەگۆڕێن، هەر لەزمانی کوردیدا(خاتوون)سێ جاران کورتکراوەتەوە(خاتوو، خات،خا) وەك (خا فاتم)( محەمەد: ٢٠١١: ٤٥٥ ) ، بۆ جوداکردنەوە ی نێرو مێ ، کەچی هەر خۆی خودی ناوەکەئەوەنیشان دەدات،جگەلەهەندێ ناو نەبێت ناکەبۆ هەردوو ڕەگەزەکەدە شێن وەك(ئاشتی،ئاوات،ڕزگار، نیشان،...هند)، چونکەهەندێ پلەش هەیەبۆ هەردوو ڕەگەزەکەوەك( سید فاتم ،فەقێ فاتم) ئەگەرچی کەمیش بن.

بەشێکی خەڵك (میجەرسۆن (E.B Soane ) (کەمێجەر پلەو پایەیەبە واتای (دادوەر – حاکم) دێت (سۆن) ناوە، کەچی گەلێك پێیان وایەهەردوو بەشەکەهەر ناوەکەدروست دەکەن ، و سۆن خۆی ((سەرباری ئەوەی کوردیزانێکی بێ وێنەبووە، ڕۆڵیشی لەبەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بێ وێنەبووە، زۆر بەپەرۆشەوەبۆ پەشخستنی زمان ونوسینی کوردی وبژارکردنی لەوشەی بێگانەتێکۆشاوە)) (حوسین:٢٠٠٩: ١٤٥_ ١٤٦) ، و ویستوویەتی ئاراستەیەکی ڕاست و ڕەوان بۆ نووسین بەکوردییەکی پاراو دروست بکات ، چونکەگەلێ ووشەکەوتونەتەنێو زمانەکەمانەوە، کوردین بەڵام کورد خۆیانی لێ نەکردۆتەخاوەن وفەرامۆشیکردوون ، تەنانەت هەندێکیان هەروایان زانیوە موڵکی زمانی عەرەبیەو کورد خواستوویەتی نموونەی (شەرواڵ) (جاراللة:٢٠٠٦ ) ، یا (خشڵ)کە(فارابی) لە(دیوان الأدب) دا بە(الخشل) و پێی وابووەبەسەری خرخاڵ و بازن دەوترێت (الفارابي:١٩٧٤ :١٢٥ ) ، بەڵام ئەم ووشەیەبەهەموو جۆرەبابەتێکی جوانکاری زێڕ دەوترێت(خشڵ)، نەك تەنیا بازن وخرخاڵ، یا ووشەیەکی وەکو (کلیل)کەلەزمانی فارسیدا (کلید)ە، ووشەیەکی کوردییەو عەرەب کردویانەتە(إقلید) تاکەو کۆیەکەی دەبێتە(مقالید) لەقورئانی پیرۆزیشدا هاتووە(له مقاليد السماوات و الأرض و الذين كفروا بايات اللة اولئك هم الخاسرون)( الزمر:٦٣)یا (له مقاليد السماوات و الأرض يبسط الرزق لمن يشاء و يقدر انه بكل شيء عليم)(الشورى:١٢) (مقاليد) لەفەرهەنگیشدا بە واتای (مفاتيح) هاتووە(قاموس معجم الوسيط).

چونکەکورد خیوەتنشین نەبوونە وەکو عەرەب ، لەخانوودا ژیاوون وپێش ئەوەی کلیلی ئاسن دەرکەوێت ، کلیلیان لەدار دروستکردووە،تەنانەت (سەرکیل) بەواتای (سەرکلیل)، کەدەرگایان پێ داخستووەو پارچەدارێکی گەورەی بە هێز بووەو لەژوورەوە دەرگاکەیان پێ قایم کردووە.

یا ووشەیەکی وەکو(بازاڕ) کەسەرەتا (الوازار) کە(الجاحظ) بەووشەیەکی فارسی لەقەڵەم داوە (الجاحظ: : ١٩_ ٢٠) ، بەپێی کات بۆتە(بازاڕ)، یا ووشەکانی (لشکر) لەشکر بەرامبەر بە(عسکر) و(أنجر) بەرامبەر (لنگر) بەواتای (لەنگەر) ، یا (دلج) بەرامبەر (دەرەز) یا (درز) ی کوردی ، بۆ ئەم مەبەستەدەبێ ئاگاداری گۆڕینی دەنگەکان بین پێش تە عریب کردن و دوای تەعریبکردنەکە(اسماعیل: ٢٠١٤ :٢٠ ).

بۆ ئەوەی پێوانەی جۆری وەرگرتنەکان بکرێت ، ووشەیەکی وەکو (بەهارات) بنەڕەتەکەی کوردی-ئێرانییە: لەزمانی سەنسکریتی – ڤیدیی ووشەی غیرەت (Xiret ) واتەخۆشەویستی کار – حریص)کاتێ (ب)ی بۆ زیاد دەکرێت دەبێتە (بەغیرەت)(غيور ، مهذب، مثابر) هەروەك لەووشەی (بەهارات)ی هیندۆ – ئاری بەدی دەکرێت (کولیاموف: :٥٤٤).

پەیوەندی نێوان وەرگێڕان وزاراوەودروستکردنی زاراوەبەهۆی وەرگێڕان یان داهێنان دەبێت ، بەزۆری یەکەمیان پێش ئەوی تریان دەکەوێت، بۆیەوەرگێڕ بەهەر جۆرێك بێت یەکەم کەسەلەگەڵ زاراوەدا بەریەك دەکەوێت و مامە ڵەی لەگە ڵ دەکات ، ئینجا نەرێنی بێت یان نەرێنی ، ڕۆڵێکی کاریگەری لەم ئاراستەیەیا ئاراستەکەی تردا هەبێت ، بە

پێی ئاست و ئەوەی بۆی دەلوێت ، دەبێتەبەرهەمهێنەری زاراوە( الديداوي: ٢٠٠٥: ١٠٣ ). زاراوەش بەشێکن لەپێکهاتەی ناسنامەی زمانیی لەکاتێکدا لەڕووی فەلسەفەو کۆمەڵایەتیەوە، سێ جۆر ناسنامە بەدی دەکرێن کەبریتین لە: ١. ناسنامەی تاکەکەسی ،٢, ناسنامەی کۆیی (نەتەوەیی) ، ٣. ناسنامەی مرۆڤایەتی

ناسنامە ناسینی تاکەکەس و سیما وچوارچێوەی نەتەوەدیاریدەکات ، بەهۆیەوەبەشداری لەناوەندەفراوانەکەی مرۆڤایەتی دا دەکات ، بەبێ ئەوەی لایەنەنەتەوەییەکەوون بکات ، واتەزمان دەفری کۆکەرەوەی هزری تاکەکەسی داهێنەرەلەنێو نەتەوەدا ، ودواتر زمان وناسنامەوداهێنان ڕوخساری پێشکەوتن دیاریدەکات.

شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی دروست نەدەبوو و گەشەی نەدەکرد ، ئەگەر وەرگێڕەپێشەنگەکان نەبوونایەکەهەوڵیان دا زانستەهەمەجۆرەکانی یۆنان وهیند و فارس وەربگێڕن ، وچەندین وەرگێڕان بۆ زمانی (قیبتی)دۆزرانەوەکەمێژووەکەی دەگەڕێتەوەبۆ سەدەی چوارەمی زانستی و تەنانەت دەقی فەلسەفی یۆنانی دێرین کە وون بـون (محمد :٢٠٠٠ : ٧٣) ، هێشتا وەرگێڕان لەئاست ئەو ڕۆڵەی هەیەتی تەماشا نەکراوە وهەست بەشوێنەوارەکانی لەسەر زماندا جێ یان دیڵێت نەکراوە، بەتایبەتی کە((وەرگێڕان کارێکی ئاسان نییەو لەدانان زەحمەتترە، چونکە نووسەر لە واتادا سەربەستە بەڵام وەرگێڕ دیلی واتاکانەوپیانەوەبەستراونەتەوە))( الديداوي:٢٠٠٧: ٢٨) ، دەشێ لەبەر ئەم هۆکارەوەرگێڕانی قورئانی پیرۆز ئاڵۆزی زیاتر دروست بکات ،هەرچەندەوەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی جیهانی ، بەڵام هێشتا کورد ئەم کارەی لا نەنگە، هەروەك (موفتی پێنجوێنی)دەڵێ :

ئێستەکەش بەکوردی تەفسیری قورئان        کفرەلای گەلێ نەفام و نەزان
بەڵام بەتورکی یان بەفارسی        گەشکەدار دەبێ بۆیان بنوسێ
وا عەرەبیمان کۆلەکەی دینە        تورکی وفارسی بۆچ وا شیرینە؟ (پێنجوێنی:١٦٨)

هەرچەندەدواتر لەلایەن (هەژاری موکریانی)کراوتەکوردی ، ئەو دەقەی کەلەڕێگەی زمانی ناوەندەوەوەردەگێڕدرێت دەبێتەمایەی دروستبوونی کێشەیەکی تر لەوەرگێڕاندا ، یا دەبێتەمایەی ئەوەی دوو جار ناپاکی لەگەڵدا بکرێت : (عبود:١٣٠ )

1. لەکاتی گواستنەوەی لەزمانەڕەسەنەکەی بۆ زمانی ئامانج,
2. لەکاتی گواستنەوەی لەزمانی ئامانجەوەبۆ زمانی دوایی.

بە بەردەوامی زیان بەشێواز و جوانی و واتا وناوەڕۆك دەکەوێت.

وەك نموونەیەك بۆ ئەم مەبەستە، کتێبێکی (ئەریك فرۆم) بەناوی For the Love of Life. Erich Fromm, ) (1983هەیە، وەرگێڕدراوەتەسەر زمانی فارسی بەناوی (بنام زندگی)(فروم:١٩٨٨) ، وەرگێڕدراوەتەسەر زمانی کوردی بەناونیشانی ((بەناوی (ژیان) ەوە (فرۆم:١٩٩٨).

ووشەی (Love ) ی ئینگلیزی و هاوشێوەکانی لەزمانی فەڕەنسی وئیتاڵی و ئەڵمانی هاوواتای ووشەی (الحب) ی عەرەبیە، کەلەزمانی کوردیشدا بەرامبەر (خۆشەویستی)یە، کەبیری سەرەکی نووسینەکەی (ئەریك فرۆم) پەیوەستە بەم ووشەیەوەکەلەهەردوو زمانی فارسی و کوردیدا لابردراوەو هۆکارەکەی دیار نییە،لەجیهانی وەرگێڕانی کوردیدا جۆرێك لەتێکەڵی ونەبوونی پلانێکی ڕێك وپێك بەدی دەکرێت، بۆیەلەهەر وەرگێڕانێکدا شەپۆلێك ووشەدێتەناو زمانەکەمانەوە، هەندێك جار زمانەکەلێڵ دەکەن وهەندێ جاریش زمانەکە بەڕوونی دەڕوات،هەر لەنووسینی سەر بە رگی پەرتوکەکان،تا بەرنامەی نێو پەڕتووکە وەرگێڕدراوەکان ، تەنیا وەك نموونە: دوو وەرگێڕانی (گوڵستان)ی سەعدی شیرازی لەکوردیدا بەدی دەکرێت لەسەر بەرگی یەکەمیان نووسراوە (( (گوڵستان)ی شێخ موسڵحەددین سەعدی

شیرازی ، وەرگێڕانی زەکی ئەحمەد هەناری )) (شیرازی:٢٠١٢) ، ودووەمیان لەسەر بەرگەکەنووسراوە((وەرگێڕدراوی کوردی گوڵستانی سەعدی لەگەڵا دەقی نوسخەفارسیەکەدا ، دانراوی :شیخ مصلح الدین سعدی شیرازی ، وەرگێڕاوی مامۆستا مەلا مستەفا ڕەسوول (سەفوەت ) ))(شیرازی:١٣٨٤ )ئەگەر ئەم جیاوازییانەدا لەبەرگەکانیاندا بەدی بکرێت.

دەبێ تا چەند لەناوەوەدا جیاوازی هەبێت ، خاڵبەندی و دانانی نیشانەی تایبەت بۆ بەدیهێنانی مەبەستەسەرەکیەکان و سنووردانان لەنێوانیاندا کاریگەری بەسەر وەرگێڕانەکاندا دەبێت ، بۆیەدەبێ وەرگێڕ ڕەچاوی ووردی خاڵبەندی لەهەردوو زمانی ڕەسەن و زمانی ئامانجدا بکات (بە صیر:١٩٨٢ ) ، وەرگێڕان تەنیا بەچەندێتی دەقەهاوردەکان پێوانە ناکرێت بەڵکو چەندێتی نێردراوەکانیش گرنگە(الریحاني: انتەرنیت) ، بۆ ئەوەی ئەوی تر بناسین ، پێویستمان بە وەرگێڕانی شاکارەکانی ئەوانی ترە بۆ سەر زمانەکەمان ، و بۆ ئەوەی ئەوان ئێمەبناسن پێویستمان بەوەرگێڕانی شاکارەکانی خۆمانەبۆ زمانی ئەوانی دیکە.

محەممەدی قازی دەڵێ:(ئەگەر ڕستەیەك نوسرا بوو (ئەو خانووەبەرزە)بەڵام وەرگێڕەکەوەریدەگێڕێت بە(ئەو خانووەزۆر بەرزە) ئەوە بەناپاکی و ئەمانەت نەپارێزی دادەنرێت(عە لی: ٢٠١٥: ٨٠ ).

هەڵکەوتەی کوردستان لەو شوێنەدا و تێکەڵاوی لەگەڵا وولاتانی دەورووبەر وایکردووەکاریگەرییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبێت ووشەی ئەم زمانانەسەربەستانەبێن وبچن ، بەڵام هێشتا هیچ زمانێ لەو چوار زمانە(مەبەست:کوردی ، عەرەبی ، فارسی ، تورکی )یە، بەقەدەر زمانی عەرەبی کاری لەهەر سێ زمانەکەی دیکەنەکردووە، و بە تایبەت وبەپلەی یەکەم کارێکی زۆری لەزمانی فارسی بەپلەی دووەم لەزمانی تورکی کردووە، پاشان بەپلەی سێیەمیش کاری لەزمانی کوردی کردووە (عە زیز: ١٩٩٩ : ٨٨) ئەم پلەبەندییە تێکەڵاوی بەڵگەیەکی پتەوەکەکورد تا چەند دەستی بەزمانەکەیەوەگرتووەو وەکو تاقانایەکی مانەوەی مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو پاراستوویەتی .

**ئەنجام**

١- پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی پەیوەندییەکی تۆکمەیەو لەسەر بنچینەی ئایین و هەڵکەوتەی جوگرافیی دروستبووە، کەبەپلەی یەکەم ئایین ڕۆڵی سەرەکی لەدرووستبوونی ئەم پەیوەندییەدا بینیوە،و لەچەندین خاڵدا بەیەکداچوونی زمانیی بەدیدەکرێت.

٢- تا ماوەیەکی زۆر بیرۆکەی ئەوەباوبوو کەتەنیا زمانی کوردی سوودی لەزمانی عەرەبی بینیوە، بەڵام لەئاکامی ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوە، لەم بارەیەوەئەم بیرۆکەیەگۆڕا ، چونکەزمانی عەرەبیش بەشێکی باش لەووشەو دەستەواژەی زمانی کوردی وەرگرتووەو بەکاریهێناوەو بەکاریدەهێنێ.

٣- پێش ڕاپەڕین خواستنی ووشەو زاراوە زۆر دیاریکراو بووە، کەچی دوای ڕاپەڕین ئاسۆکانی خواستن زۆر فراوان بوون و بەلێشاو ووشەو زاراوەو دەستەواژەهاتونەتە نێو هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ، بەڵام بەشێکیش لەو ووشەو زاراوانەلەڕێگەی زمانی عەرەبیەوەپەڕیونەتەوەنێو زمانی کوردی ، واتەهەندێك کات زمانی کوردی وعەرەبی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبووە، هەندێك کاتی تر زمانی عەرەبی ڕۆڵی ناوەندێکی ڕۆشنبیری گێڕاوەبۆ پەڕینەوەیان .

٤- یەکێك لەڕێگا سەرەکی و چالاکەکانی بەستنەوەی ڕۆشنبیرییەکان و نزیککردنەوەیان وەرگێڕانە، کەسەرەتا کار لەسەر وەرگێڕانی ناوخۆ کراوەبەوەی شیعر لەشێوەزاری هەورامی بۆ کرمانجی خواروو یا شیعری کرمانجی سەروو بۆ خواروو ،دواتر پەرەی سەندووەبۆ هاوردەو بەشێکی کەمتر بۆ نێردراوەکان کەلەئێستادا فراوانتر بووە.

٥- وەرگێڕان هەردوو لایەنی نەرێنی و ئەرێنی دەگرێتەخۆی ، ئەرێنیەكەی زیاترە، بەڵام بەدەریش نییەلەهەڵەو بەشێكی باشی هەڵەی باو و هەڵەی زمانیی و هەڵەی ڕێزمانی لەڕێگەی هەڵەتێگەیشتن و وەرگێڕانەوە ئەنجام دەدرێت.

٦- بەشێك لەووشەو زاراوەكان بەپێی دەستوور و تایبەتمەندیەكانی زمانی كوردی گۆڕانكارییان بەسەردا هاتووە و هەندێكێیان تا ڕاددەیەك سیمای خۆیان پاراستووە.

٧- ئەو ووشەو دەستەواژانەی چوونەتەنێو زمانی عەرەبیشەوەبەپێی تایبەتمەندییەكانی زمانی عەرەبی خۆیان گونجاندووە، هەرچەندە بە ئاسانی سیمایان دەناسرێتەوە،چونكەسەر بەدوو بنەماڵەی زمانیی جیاوازن .

پاشكۆ

| كوردی | عربی | تێبینی |
|---|---|---|
| خڵخاڵ | خلخال | |
| زەند | زند : زنادی | ئەو بازنەی لەقۆڵ یا باسك دەكرێ |
| خاڵ | خال | |
| دەمانچە | دبانجە | |
| مارپێچ | مربیج | (سۆندە) ،مار+پێچ (ماری پێچ خواردوو) |
| ئافەرین | عفارم | |
| بیمارستان(خه سته خانه) | بیمارستان | |
| یار | یار : حبیب | |
| پەرواز | برواز | چوارچێوە |
| چەمچە | جمجە | |
| تەخت | تخت | |
| بنەوشە | بنفسج (بنفسجی) (وەنەوشەیی) | |
| تخووب | تخوب:حدود | |
| فەرمان | فرمان | |
| كەشكۆڵ | كشكول | |
| پاشا | باشا | |
| بۆیاغ | بویە | |
| خۆش | خوش | |
| تازە | طازج،طازة | |
| ئەختیار | ختیار | |
| بەرنامە | برنامج | |
| جەماوەر | جماهیر | |
| پەردە | بردە | |
| مەیخانە | میخانە/میحانە | |

| | |
|---|---|
| بوختان | بهتان |
| هێواش | يواش |
| دووشەش | دوشش |
| چەهرە | جاره |
| قارەمان | قهرمان |
| گەوهەر | جوهر |
| سەتڵ | سطل |
| چۆڵ | جول |
| شەکر | سکر (شكر) |
| کڵاو | کلاو |
| هێدمە | صدمة |

**سەرچاوەکان**


- قورئانی پیرۆز

١- أبو إبراهيم الحسن بن إبراهيم الفارابى (-٣٥٠هـ) ، ديوان الأدب ، تحقيق:د.أحمد مختار عمر ، مراجعه:د.إبراهيم أنيس ، الهيئة العامة للشؤن المطابع الأميرية ،القاهرة ، ١٩٧٤ .

٢- أبو عثمان عمرو الجاحظ، البيان والتبيين ، تحقيق :عبدالسلام هاروت، مكتبه‌الخانجي ، ط٤ .

٣- أريك فروم ، بنام زندگى ، ترجمه‌أكبر تبريزى ، إنتشارات مرواريد – چاپ أول ، تهران ، ١٣٦٧(١٩٨٨)

٤- أسامه‌طيش ، دور اللسانيات فى عملية‌الترجمة، موقع ألوكة.

٥- الأسماءالعربية‌تربك أجهزه‌الأمن الأمريكية، ستون طريقة‌لتهجئه‌اسم (القذافي) ، صحيفة الوطن السعودية، عدد :٤٠٧ ، ١٢ سبتمبر ، ٢٠٠١ .

٦- شكر محمود عبداللة اسماعيل(د)و جوهر محمدأمين عبداللة (د) ،الألفاظ الكردية المعربة(دراسة لغوية دلالية) ، ٢٠١٤.

٧- وفه‌يوركسن ، هل الألمانية خليط لغوي؟ ؟ ، ترجمه:ماجدة‌بركات ، مجلة‌فكر وفن ، يونيو ٢٠٠٩ ، انترنيت Fikrun wafann.

٨- بدر شاكر السياب ،سرووده‌ی باران ، وەرگێڕانی :د.لەتیف محەمەد حەسەن ، گۆڤاری ئایندەئێستایە، ژمارە(٩٢ )، تەمموزی ٢٠١٠.

٩- بسام بركة و اخرون، اللغة و الهوية في الوطن العربي، إشكاليات التعليم والترجمة و المصطلح ، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات ، ط١ ، بيروت ، ٢٠١٣.

١٠- جان بريفو ، جان فرانسوا ، المولد ، دراسه‌فى بناء الألفاظ ،ترجمة :خالد جهيمة، ، المنظمة العربية للترجمة، ط١ ، بيروت ، ٢٠١٠

١١- جەمال نەبەز(د.) ، ووشەنامەیەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی ، چاپی یەکەمی ئەلیکترۆنی ، ٢٠٠٨.

١٢- جوئيل رچوان رضوان، موسوعة الترجمة، ترجمة: محمد يحياتن ، منشورات مخبر الممارسات اللغوية، الجزائر ، ٢٠١٠ .

١٣- حەمەکەریم عارف ، وەرگێڕان و دەردی کوردی نەزانی ، گۆڤاری (٢٣) ی ئەدەبی هزری ، ڕەخنەیی ، ژمارە(٨) هاوینی ، ٢٠١٢.

١٤- حجاب الإمام ،محمد عبدالعزيز ، الترجمة و اشكالات المثاقفة ، منتدى العلاقات العربية و الدولية،ط١ ، ٢٠١٤ .

١٥- حوسێن محەمەد عەزیز ، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانیی کوردی ، لێکۆڵینەوەو ڕەخنە، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، زنجیرە(٣١)، چ١، سلێمانی ، ١٩٩٩.

١٦- خالد بن هلال بن ناصر العبدى ، أخطاء لغوية شائعة ،مكتبة الجيل الواعد ، ط١ ، سلطنة عمان ، ٢٠٠٦ .

١٧- خالد جميل محمد ، من قضايا المعجمية الكردية (دراسة) ،روافد للثقافة و الفنون، ط١ ، سوريا ، دمشق ، ٢٠٠٨.

١٨- دلخوش جاراللة (د.)، المفردات والتراكيب العربية الدخيلة في اللغة الكردية بين الاستعمال و الدلالة، مجلة زانكۆ ، زانکۆی سەلاحەددین ، ژمارە: ٢٨ ، ٢٠٠٦.

١٩- مەلا عەبدوڵڵای توتنتچی، دیوانی موفتی پێنجوێنی ، بەغدا ، ١٩٩٠.

٢٠- سلمى حداد ، لماذا يعزف المترجمون عن ترجمة الشعر؟ حلول لمشاكل تناصية، مجلة جامعة دمشق ، المجلد ٢٢ ، العدد:(٣-٤) ، ٢٠٠٦.

٢١- شکور مستەفا ، جوانیی زمانی کوردی ، چەند ووردەبابەتێك ، چاپخانەی ئاراس ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠١٠.

٢٢- شۆڕش غەفوری ، نابێت وەرگێڕ لەپێناو بەپیرۆز و بەرز ڕاگرتنی زمانی خۆی ، زمانی ئۆریجناڵ لەکەدار بکات ، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولموتەلیب عەبدوللا ، ئینتەرنێت.

٢٣- شوقى جلال محمد ، تقرير المسح الميداني لوضع الترجمة الراهن في الوطن العربي ، مركز دراسات الوحدة العربية، ط١ ، بيروت ، فبراير ، ٢٠٠٠ .

٢٤- شێخ مارفی نۆدێیی ، ئەحمەدی ، سلێمانی ، ١٩٣٦.

٢٥- شيخ مصلح الدين سعدى شيرازى ، گوڵستان ، وەرگێڕاوی مامۆستا مەلا مستەفا ڕەسول (سەفوەت) بڵاوکردنەوەی کوردستان ، ١٣٨٤.

٢٦- شێخ موسڵحەددین سەعدی شیرازی ، گوڵستان ، وەرگێڕانی:زەکی ئەحمەد هەناری، پێداچوونەوەی غەریب پشدەری ، چاپخانەی ئاراس، چ١ ، هەولێر ، ٢٠١٢.

٢٧- صحاح اللغة، مجمع اللغة العربية.

٢٨- صلوات گولیاموف ، اريا القديمة وكوردستان القديمة(الكرد من أقدم الشعوب)، ترجمەعن الروسية: د.إسماعيل حصاف ، متابعةوتدقيق ، مارگريت حصاف ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، ط١ ، هەولێر .

٢٩- چەند نووسەرێك ، بنچینەکانی وەرگێڕان،وەرگێڕانی لەفارسییەوە:وریا قادر ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٥

٣٠- عبدالسلام المسدي ، الهوية العربية و الأمن القومي ،المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات ، ط١ ، بيروت، ٢٠١٤.

٣١- عبدالعزيز بن عثمان التويجرى(د.) ، الثقافة العربية و الثقافات الاخرى ، منشورات المنظمة الاسلامية للتربية و العلوم و الثقافة ، إيسيسكو ، ط٢ ، ٢٠١٥.

٣٢- عبدالله بەشيو ، قصائد للشاعر، ترجمەصلاح  بررواري ، مجلة سردم العربي ،فصلية ثقافية عامة ، السنة الثالثة، العدد الثاني عشر ، ربيع ٢٠٠٦.

٣٣- عبدەعبود (د.)، هجرةالنصوص ، منشورات إتحاد كتاب العربي ، دمشق ، ١٩٩٥ .

٣٤- عەبدوڵڵا پەشێو،ئەستێرەگەشەی سەرقەڵا ، ڕۆڤار ، ژمارە(٣٦) ، ٢٠١٥/١٠/١٥.

٣٥- عەلی سولحجور ، گوتارو وەرگێڕان ، وەرگێڕانی :کۆساری فەتاحی ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

٣٦- فەرهاد پیربال(د.) ، مێژووی وەرگێڕان لەئەدەبیاتی کوردیدا لەکۆنەوەتا ١٩٣٢ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، چ١ ، ٢٠٠٢م .

٣٧- قاموس معجم الوسيط ، مجمع اللغة العربية،دار الحديث للطبع و النشر،بيروت.

٣٨- کامیل بەصیر(د.) ، خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، بەرگی نۆهەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ، ١٩٨٢ .

٣٩- كلود جرمان،علم الدلالة، ترجمة:نور الهدى لوشن ، دار الفاضل ، دمشق ، ١٩٩٤.

٤٠- م.چۆمسکی ، زمانناسی دیکارتی ، بەشێك لەمێژووی بیرکردنەوەی ئەقڵگەرا ، وەرگێڕانی :مستەفا غەفوور ، چاپخانەی موکریانی ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠١٣ .

٤١- مەسعود محەممەد ، هەندێ بابەتی زمان وڕێنووسی کوردی ، چاپخانەی ئاراس ، چ١ ، هەولێر ، ٢٠١١ .

٤٢- محمد الديداوى ، مفاهيم الترجمة،المنظور التقريبي لنقل المعرفة ، المركز العربي ، ط١ ، المغرب ، ٢٠٠٧ .

٤٣- محمد الديداوى ، منهاج المترجم بين الكتابة و الاصطلاح والهواية و الاحتراف ، المركز الثقافي العربي ، ط١ ، الدار البيضاء ، المغرب ، ٢٠٠٥ .

٤٤- محمد حسن عبدالعزيز(د.) ، التعريب فى القديم والحديث مع معاجم للألفاظ المعربة، دار الفكر العربي ، ١٩٩٠ .

٤٥- محمد زرمان (أ,د)، الترجمەوفعل المثاقفة ، أنترنيت.

٤٦- محمد سعيد الريحاني ، المثاقفة أو التثاقف ، دور الترجمة في الاقلاع الحضاري ، زاويةفكر ، انترنيت.

٤٧- محمد عنانى(د.)، أدبيات فن الترجمة، دار نوبار للطباعة، القاهرة، مصر ، ٢٠٠٠.

٤٨- مستەفا سەعید عەلی ، بەبێ وەرگێڕان جیهان مێژوویەکی نییە، گۆڤاری ڕامان ، ژ:٢١٦ ، ٢٠١٥/٥/٥.

٤٩- مصطفی نريمان ، ڕێنووسی کوردی لەڕەگ و ڕیشەوە، بەغدا ، ١٩٨١.

٥٠- معجم المعاني الجامع.

٥١- المعجم الوسيط ، دار الحديث للطبع و النشر ، بيروت ،

٥٢- موکەڕەم تاڵەبانی(د.) ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، ژیانی پەروەردەیی ، بیروباوەڕی شیعری ، چاپەمەنی ئاراس.

٥٣- نادر سراج ، حوار اللغات ، دار الكتاب الجديد ، ط١ ، ليبيا ، بنغازي ، ٢٠٠٧ .

٥٤- ندى حسون (د.)،دراسة في الترجمة العربية لمنطق الطير ، مجلة جامعةدمشق، المجلد ٢٢ ، العدد (٣-٤)، ٢٠٠٦.

٥٥- هادى نظري منظم، ريحانەمنصوري ، رافد الترجمة في الأدب الفارسي المقارن ، مجلة اضاءات نقدية(فصلية محكمة) ، السنة الأولى ، العدد الرابع ، كانون الأول ٢٠١١.

٥٦- هەژار موکریانی ، بۆ کوردستان ، ڕۆڤار ،چ٢ ، ژمارە(٢٤)، ٢٠٠٣/٥/٥.

٥٧- هەندرێن ، زمان ئاسۆیەکەلەنێوان ئاسمان و زەویدا ، چاپخانەی بابان ، سلێمانی ، ٢٠١٠.

٥٨- هیمداد حوسێن (د.)، کولتوور وفەرهەنگی کوردی،چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٩ .

٥٩-  ئەریك فرۆم ، بەناوی ژیانەوە، وەرگێڕانی :ئازاد بەرزنجی ، چ١ ، سلێمانی ، ١٩٩٨.
٦٠-  ئەنجومەنی کۆڕ ، ڕێبازی هەڵبژاردن و داتاشینی زاراوە، بەرگی دووەم ، ١٩٧٤ .
٦١-  مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی بەڵخی ، ئەوەی تێدایەکەتێدایە، وەرگێڕ:عەلی نانەوازادە، چاپخانەی وەزارەتی پە روەردە، کوردستان ، هەولێر ، ٢٠٠٦ .
٦٢-  يوجين نيدا ، نحو علم للترجمة، ترجمة:ماجد النجار ، مطبوعات وزارةالإعلام ، العراق ، بغداد ، ١٩٧٦ .
٦٣-  يوسف نور عوض ، علم النص ونظرية الترجمة، دار الثقةللنشر والتوزيع ، مكة المكرمة، ١٤١٠هـ .
٦٤-  يوسف يوسف ، اللغەوالهوية، المقدسي الكردي ، أقواس .
65. _ Edward Burnelt Tylor ,primitive Culture , Citepar Pascal,
66. _Merriam – Webster dic.
67. Edward Fitzgerald, Rubaiyat of omer Khayyam penguin Poetry library ,1989.